# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە(٣٣٥) ساڵی بیست وپێنج ٣٠ حوزەیران ٢٠٢٥ زایینی ٩ پووشپەڕ ٢٧٢٥ کوردی ٥ محرم ١٤٤٧ کۆچی

335



**بڕیاری ژمارە (٢٨١)ی ساڵی ٢٠٢٥ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ١

لێخۆشبوونی بڕی پارەی ماوەی پێشینەی هاوسەرگیری لە کوڕ و کچی شەهیدان

**بڕیاری ژمارە (٢٨٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ٢

درێژکردنەوەی ماوەی کارکردن تایبەت بە لێخۆشبوون لە سزای سەرپێچی هاتووچۆ

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی کارەبا** ٣

ڕێنمایی و مەرجەکانی پێدانی ووزەی کارەبا

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی ناوخۆ** ٣٣

هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری ناوەندی پێگەیاندن و نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی ناوخۆ** ٣٤

ڕێنمایی دیاریکردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٣٧

ڕێنمایی تایبەت بە ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٤٣

ڕێنمایی تایبەت بە ماددەکانی لە پاکەتنان و پێچانەوەی کاڵای هاوردە لە هەرێمی کوردستان

**بەیانی ساڵی ٢٠٢٥ ئەنجومەنی دادوەری** ٤٦

**بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی ناوخۆ** ٤٧

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی داد** ٤٧

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٤٨

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی** ٤٨



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فەرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد(٣٣٥) السنة خمسة وعشرون ٣٠ حزيران ٢٠٢٥ م. ٩ پووشپەڕ ٢٧٢٥ ك. ٥ محرم ١٤٤٧ هـ.

335

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice


| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| قرار رقم (٢٨١) لسنة ٢٠٢٥ رئاسة مجلس الوزراء | ١ |
| قرار رقم (٢٨٢) لسنة ٢٠٢٥ رئاسة مجلس الوزراء | ٢ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الكهرباء | ٣ |
| تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الداخلية | ٣٣ |
| تعليمات رقم (٦) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الداخلية | ٣٤ |
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٥ وزارة المالية والإقتصاد | ٣٧ |
| تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٥ وزارة المالية والإقتصاد | ٤٣ |
| بيان لسنة ٢٠٢٥ مجلس القضاء | ٤٦ |
| بيان رقم (١٥) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الداخلية | ٤٧ |
| بيان رقم (٢) لسنة ٢٠٢٥ وزارة العدل | ٤٧ |
| بيان رقم (٢) لسنة ٢٠٢٥ وزارة المالية والإقتصاد | ٤٨ |
| بيان رقم (٣) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الأوقاف والشؤون الدينية | ٤٨ |


No. 335 Date: June 30, 2025 - Vol.: 25

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٧٣٤٢ لە ٢٠٢٥/٦/٢٢**

**بڕیاری ژمارە (٢٨١)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥٣) لە ٢٠٢٥/٦/٤ ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١- لێخۆشبوونی کوڕ و کچی شەهیدان لە بڕی پارەی ماوەی پێشینەی هاوسەرگیری کە لە ساڵانی پێشووتردا وەریانگرتووە و تەنها بۆ ئەوانەیان کە سوودمەند نەبوون لە وەرگرتنی بەخشش (منحة)ی هاوسەرگیری هاتوو لە (ماددەی حەوتەم/ بڕگەی دووەم/١) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوان لە هەرێمی کوردستان-عێراق) هەموارکراو.

٢-بڕگەی (١)ی سەرەوە خودی زیندانی کراوی سیاسی و گیراوی سیاسی دەگرێتەوە بە هەمان لێخۆشبوون بە مەرجێک ئەوانیش سوومەند نەبووبن لە وەرگرتنی بەخشش (منحة)ی هاوسەرگیری هاتوو لە ماددەی (شەشەم/بڕگەی حەتەوم) لە یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستانی) هەموارکراو.

٣-ڕاسپاردنی هەردوو وەزارەتی (کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، دارایی و ئابووری) بۆ دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە.

٤-گشت وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٧٣٩٠ لە ٢٠٢٥/٦/٢٥**

**بڕیاری ژمارە (٢٨٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆ بە ژمارە (١٨٣٠٩) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٦/١١، ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥٤) لە ٢٠٢٥/٦/١٨، و دوابەدوای هەردوو بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٤٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧ و ژمارە (٢٧٨) لە ٢٠٢٥/٣/١٩، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١- درێژکردنەوەی ماوەی کارکردن بە بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٧٨) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٣/١٩ تایبەت بە لێخۆشبوون لە ڕێژەی ٢٠% (لە سەدا بیست) لە سزای سەرپێچی هاتووچۆی بۆ شەش مانگی دیکە لە ٢٠٢٥/٧/١ تا ٢٠٢٥/١٢/٣١.

٢- گشت وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی کارەبا**

**ژمارە: ٣٩١٢ لە ٢٠٢٥/٦/١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەماددەی (٨) برگەی (دووەم) وە ماددەی (٤) برگەی (چوارەم) لە یاسای وەزارەتی کارەبا ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١، وە بریاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٨٠) لە ٢٠٢٥/٥/١٤، وە لە پێناو بەرژەوەندی کار و رێکخستنی مەرج و رێنماییەکانی پێدانی ووزەی کارەبا بە هاوبەشان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بەمەبەستی بەرچاو روونی هاووڵاتیان لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم ووزەیە بەشێوەیەکی گونجاو و چارەسەرکردنی سەرپێچیەکان، بڕیاردرابە دەرکردنی ئەم رێنماییە.

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**رێنمایی و مەرجەکانی پێدانی ووزەی کارەبا**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

**ماددەی (١):**

ئەم دەستەواژانەی کە ناویان هاتووە لەم رێنماییەدا ئەو مانایانە دەبەخشن، کە جێگیر کراون بەرامبەریان:

١- **وەزارەت:** وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- **فەرمانگە:** بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی کارەبای پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆییەکان و بەرێوەبەرایەتیەکانی دابەشکردنی کارەبا و فەرمانگە و لقە خزمەتگوزارییەکانیان بەپێی سنووری لێپرسراوییەتی جوگرافیای هەر بەرێوەبەرایەتییەك.

٣- **پلان:** پلانی ساڵانەی پەسەندکراو تایبەت بە پرۆژەکانی وەزارەتی کارەبا.

٤- **هاوبەش:** بریتیە لە کەسێکی سروشتی یاخود مەعنەوی کە سوودمەندە لە وەرگرتنی ووزەی کارەبا و خاوەندارێتی مولکەکە دەکات.

٥- **پۆلینی هاوبەش:** پۆلینی هاوبەشان دابەش دەکرێت بۆ ئەمانەی خوارەوە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| أ- ماڵان | ب- بازرگانی | ج- پیشەسازی | د- کشتوکاڵی | هـ-کەرتی گشتی (میری) |

ئەو دەستەواژانەی کە لەم رێنماییەدا هاتوون ئەو مانایانە دەبەخشن کە لە بەرامبەریان دا دیاریکراوە:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| (kV): | کیلۆڤۆڵت | (kVA): | کیلۆڤۆڵت ئەمپێر | (MVA): | مێگاڤۆڵت ئەمپێر |
| (kW): | کیلۆ وات | (MWh): | مێگا وات کاتژمێر | (MW): | مێگا وات |
| (kVAr): | کیلۆ ڤار | (MVAr): | مێگا ڤار | (MVArh): | مێگا ڤار کاتژمێر |
| (Ø1): | یەک فەیس | (Ø3): | سێ فەیس | (HZ): | هێرتز |
| (kHZ): | کیلۆ هێرتز | (MHZ): | مێگا هێرتز | (KA): | کیلۆ ئەمپیر |

٦- **پرۆژەی رووناکی:** مەبەست لێی پرۆژەی دابینکردنی کارەبای (٢٤) کاتژمێریە بۆ هاوبەشانی هەرێمی کوردستان.

٧- **قەرزی کــۆن:** مەبەســت لێــی قەرزی هاوبەشــانە لە پــێش دەســتبەکاربوونی پــڕۆژەی ڕوونــاکی لە سنوورەکانیان.

٨- **قەرزی نــوێ:** مەبەســت لێــی قەرزی هاوبەشــانە لەدوای دەســتبەکاربوونی پــڕۆژەی ڕوونــاکی لە سنوورەکانیان.

## بەشی دووەم

## مەرجە گشتیەکانی پێدانی ووزەی کارەبا بە هاوبەشان

**ماددەی (٢):**

١- فەرمانگەکانی کارەبا بەپێی سنوری جوگرافیایان ووزەی کارەبا دەدەن بە هاوبەشان وە بەئاستی شەش ڤۆڵتیەی جیاواز بەو شێوەیەی لە خوارەوە هاتووە:

أ- توانای ڤۆڵتیەی نزم - یەک فەیس (٢٤٠ڤۆڵت) (-١٠٪ تا +٦٪) بەو هاوبەشانە دەدرێت کە پێوستی کارەبایان تا (١٥ کیلۆ وات) بێت بەپێی توانا.

ب- توانای ڤۆڵتیەی نزم - سێ فەیس (٤١٦ ڤۆڵت) (-١٠٪ تا +٦٪) بەو هاوبەشانە دەدرێت کە پێوستی ووزەی کارەبایان زیاتر بێت (١٥ کیلۆ وات) تا (٣٠ کیلۆ وات) بەپێی توانا.

ج- توانای ڤۆلتیەی ناوەند سێ فەیس (١١ کەی ڤی) وە یا (٣٣ کەی ڤی) (±٥٪) بەو هاوبەشانە دەدرێت کە پێویستی ووزەی کارەبایان زیاتر بێت لە (٣٠ کیلۆوات) تا (٥ مێگاوات) بەپێی توانا.

هـ - توانای ڤۆڵتیەی ناوەند سێ فەیس (٣٣ کەی ڤی) (±١٠٪) بەو هاوبەشانە دەدرێت کە پێویستی ووزەی کارەبایان زیاتر بێت لە (٣٠ مێگاوات) تاکو (١٥٠ مێگاوات) بەپێی توانا.

و- توانای ڤۆلتیەی بەرز سێ فەیس (١٣٢ کیلۆڤۆڵت) (±١٠٪) بەو هاوبەشانە دەدرێت کە پێویستی ووزەی کارەبایان زیاتر بێت لە (٣٠ مێگاوات) تاکو (١٥٠ مێگاوات) جگە لە کارگەکانی توانەوەی ئاسن.

ز- توانای ڤۆلتیەی بەرز سێ فەیس (١٣٢ کەی ڤی) یا (٤٠٠ کەی ڤی) (±١٠٪) بەو هاوبەشانە دەدرێت کە پێویستی ووزەی کارەبایان زیاتر بێت لە (١٥٠ مێگاوات) وە کارگەکانی ئاسن کە ناتوانن بەپێی خالی (و) کارەبایان پێ بدرێت بەپیی توانا و مەرجەکانی وەزارەتی کارەبا.

٢- ئەگەر وا پێویست بکات هێلی کارەبا لە رووبار یان بەربەستی ئاو بپەرێندرێتەوە بۆ پێدانی ووزەی کارەبا بە شوێنێکی دیاریکراو، فەرمانگە هەڵسەنگاندن دەکات بۆ شێوازی پەڕاندنەوەی هێلەکە بەسەر بەربەستی ئاویەکەدا،ئەمەش بۆ بەدیهێنانی پێوەرە پشت پێبەستراوەکانی تایبەت بە دووری رێگە پێدراوی نێوان هێل و ئاستی ئاو بە رەچاوکردنی بەرزترین ئاستی ئاو، هەروەها پێویستە پێش دەست بەکاربوون لە پرۆژەکە رەزامەندی لەلایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتەکانی (کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان و گواستنەوە و گەیاندن و ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن) وەربگیرێت.

**ماددەی (٣):** بەمەبەستی گەیاندنی ووزەی کارەبا بۆ هاوبەشان، پێویستە پەیرەوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١- پێشکەشکردنی داواکاری بۆ هاوبەشبوونی کارەبا لەلایەن خاوەن مولك یان بریکاری یاسایی بە هەبوونی بەڵگەنامەی پەسەندکراو، هەروەکو لە پاشکۆی ژمارە (١)دا هاتووە هاوکات کرێچی بۆی هەیە داوای هاوبەشبوونی ووزەی کارەبا بکات بۆ ئەو موڵکەی کە بەکاری دێنێ بە مەرجێ گرێبەستی پەسەندکراوی هەبێت بەڵام تۆماری هاوبەشی کارەباییەکە بەناوی خاوەن موڵك تۆمار دەکرێت.

٢- لەکاتی بەستنی تۆری کارەبا بۆ هاوبەش پێویستە کێبڵەکان لەناو لولەك دابنرێت بەمەرجی دڵنیابوون لەوەی کەوا هیچ سەرپێچی لەسەر کێبڵەکە نە کراوە یان بەشێوەی دەرکەوتوو (ظاهر) بێت لەنێوان تۆڕی کارەبا و پێوەرەکە، بەدەر لەم دوو مەرجە نابێ وزەی کارەبای پێ بدرێت،جگە لەو هاوبەشانەی کە پێوەری زیرەکیان بۆ بەستراوە لە سەر ستون یان لە داهاتوو بۆیان دەبەسترێت.

٣- دابین کردن و دانانی بۆردی سەرەکی لە جۆری سینگڵ فەیس یان سێ فەیس بەو جۆرەی کە فەرمانگە دیاری دەکات.

٤- دابین کردن و دانانی بۆردی پێوەر لەو شوێنەی کە فەرمانگە دیاری دەکات. جگە لەو هاوبەشانەی کە پێوەری زیرەکیان لە سەر ستون بۆ دەبەسترێت.

٥- دوای جێبەجێ کردنی ئەو (٤) مەرجانەی سەرەوە فەرمانگە نۆرینی (کشف) دامەزراوەی کارەبایی داواکراوەکە ئەنجام دەدات.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** ئەو هاوبەشانەی پێویستیان بە (٣٠) کیلۆ وات یان کەم تر هەیە دەتوانێت لە گۆرەری گشتی ووزەی کارەبایان پێ بدریت بەپێی پێداویستی باڵەخانەکە بەمەرجێك لە توانای تۆری دابەشکردنی کارەبا دابێت بە هاوبەشی سینگل فیس تا (٣) هاوبەش یان سێ فیس لە یەك هاوبەش زیاتر نەبێت وە پێویست دەکات لە کاتی کردنەوەی هاوبەش و پێدانی کارەبا بەو هاوبەشانە رێکاری پێویست لە لایەن فەرمانگەکانی کاروباری ووزە پەیرەو بکرێت بە دانانی (سیرکت بریکەر و پێوەر ) بۆ سنوردارکردنی بڕی ووزەی وەرگیراو تاوەکو لە (٣٠) کیلۆ وات زیاتر نەبێت بە پێچەوانەوە بە سەرپێچی ئەژمار دەکرێن .وە ئەگەر بڕی ووزەی کارەبای پێویست لە (٣٠) کیلو وات زیاتر بوو ئەوا پێویستە خالی دووەم لەم ماددەیە پەیرەو بکرێت.

**دووەم:** ئەو هاوبەشەی کە پێویستی بە بڕی (٣٠) کیلۆ وات زیاتر لە ووزەی کارەبا هەیە پێویستە بە هێلی (١١ ،٣٣ کەی ڤی) ووزەی کارەبای بۆ دابین دەکرێت کە لە بڕگەکانی (ج، هـ)ی خاڵی یەکەمی ماددەی (٢) دا هاتووە و پابەند بکرێت بە دانانی گۆرەر وەلەنەخشەی بیناکە جێگیر بکرێت.

**سێیەم:** ئەو هاوبەشەی کە بە (٤٠٠،١٣٢ کەی ڤی) ووزەی کارەبای بۆ دابین دەکرێت کە لە بڕگەکانی (و،ز)ی خاڵی یەکەمی ماددەی (٢) دا هاتووە یان ئەو هاوبەشەی کە وێستگەی ناوەندی گۆرینی ڤۆڵتیەی (١١،٣٣ کەی ڤی) پێویستە پابەند بکرێت بە دانانی وێستگەی ناوەندی لەسەر ڕووبەرێکی زەمینی گونجاو لەناو سیاجی پرۆژەکە بەمەرجی پابەندبوونیان بە مواسەفات و ڕێنماییەکانی وەزارەتی کارەبا، وەپێویستە وێنەیەك لە کلیلی ژووری ئەو وێستگە ناوەندیە یان گۆرەرە بدرێت بە فەرمانگەی کارەبای پەیوەندیدار بۆ ئەوەی کارمەندانی بتوانن لەکاتی پێویست بەکاری بێنن.

**چوارەم:** ئەو باڵەخانەی کە بەپێ ی خاڵی (دووەم)ی سەرەوە پێویست دەکات گۆڕەر دابنێن پێویستە لە دانانی گۆرەر پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوە بن:

١- هاوبەش بۆی هەیە گۆرەر لە ژوورێك لەئاستی ڕووی زەوی دابنێت بە دیاریکردن و دانانی گۆرەری ئاسایی بەپێی مەرج و مواسەفاتی وەزارەتی کارەبا.

٢- هاوبەش بۆی هەیە گۆڕەری (٠,٤/١١) KV یان (٠,٤/٣٣) لە ژێر زەمین دابنێت بە مەرجێك بەپێی مەرج و مواسەفاتی وەزارەتی کارەبا بێت.

٣- دانانی گۆڕەری (٠,٤/١١)، (٠,٤/٣٣) کەی ڤی لە یەکێك لە نهۆمەکانی باڵەخانە یان لەسەر بانی باڵەخانەکە بەپێی مەرج و مواسەفاتی وەزارەتی کارەبا.

٤- دانانی کویسك خاوەن باڵەخانە بۆی هەیە گۆڕەری کویسک دابنێت لەسەر مولکی خۆی (لەسەربان، یەکێک لە نهۆمەکان، ئاستی رووی زەوی) بە مەرجێك لە (أرتداد) نەبێت شوێنەکە تایبەت بێت بۆ ئەوکارە و مەترسی نەبێت بۆ سەر گیانی هاولاتیان و بەپێی مەرج و مواسەفاتی وەزارەتی کارەبا.

**ماددەی (٥):**

نابێت زیاتر لە یەك سەرچاوەی ووزەی کارەبا بە یەك شوێن بدرێت (جگە لە حالەتی زۆر تایبەت بە رەزامەندی وەزیر بە شێوەیەك کە مەترسی نەبێت بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان و تۆڕەکانی کارەبا وە سەرچاوەی دووەم لە رێگای هاوبەشێکی نوێ و بەستانی پێوەری نوێ کارەبای پێ دەدرێت).

**ماددەی (٦):**

هەر کاتێك هاوبەش پێویستی بە بەکارهێنانی مۆلیدەی کارەبا یان هەر سەرچاوەیەکی تری تایبەتی هەبوو، پێویستە مەرجەکانی خۆپاراستنی پیشەیی پەیرەو بکات، لە رێگەی دانانی بۆردێك بۆ جیاکردنەوەی ووزەی کارەبای نیشتمانی لە کارەبای سەرچاوەی دووەم (Change Over) یان (Contactor) بە مەبەستی تێکەڵاو نەبوونی ئەم دوو سەرچاوە ووزەیە و پاراستنی سەلامەتی گیانی کارمەندان، ئەگەر لە ئەنجامی پەیرەونەکردنی ئەم رێنماییە هەر زیانێك بەر کارمەندانی فەرمانگەکە بکەوێت، ئەوا هاوبەشەکە لە رووی یاساییەوە بەرپرس دەبێت.

**ماددەی (٧):**

بۆ گەیاندنی ووزەی کارەبا و کردنەوەی هاوبەش بۆ هەر ماڵێك لە گوندەکان، پێویستە پشتگیری یەکەی کارگێڕی هەبێت کە ماڵەکە لە ناو سنووری دانیشتوانی گوندە (حەرەمی گوند) بەمەش تێچوی راکێشانی هێلی کارەباکە دەکەوێتە ئەستۆی فەرمانگەکانی کارەبا و تەنها بۆ پۆلی ماڵ بەکاربێت بەڵام ئەگەر شوێنی هاوبەشەکە بکەوێتە دەرەوەی حەرەمی گوند ئەوە بەپێی ماددەی (١٠) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**ماددەی (٨):**

لە سنوری شارەوانی فەرمانگە تۆڕی ووزەی کارەبا بۆ ئەو شوێنانە دادەنرێت کە نەخشەکەی لە ماستەر پلان یان لە نەخشەی شارەوانی پەیوەندیدار پەسەند کرابێت.

**ماددەی (٩):**

١- پێویستە ئەو شوێنانەی تۆڕی ووزەی کارەبایان بۆ دادەنرێت لە سنوری شارەوانی (گەرەکە تازەکان) لە پلانی فەرمانگە دانرابن و لە (٢٥%)ی بیناکانی تەواو بوبێت یاخود دەست بە دروستکردنی کرابێت، هەروەها پێویستە ڕێڕەوی شەقام و کۆڵانەکان دیاری کرابێت و زەویەکە هەموار کرابێت (تەسویەی ترابی).

٢- ئەو شوێنانەی کە دانانی تۆڕی کارەبا دەکەوێتە ئەستۆی خاوەنەکەی مەرجی تەواو بوونی (٢٥%) بیناکانی خاڵی (أ)ی سەرەوەی لەسەر جێبەجێ ناکرێت.

**ماددەی (١٠):**

هاوبەش یان خاوەن پرۆژە سەرجەم خەرجیەکانی راکێشانی هێلی کارەبا دەگرێتەئەستۆی (کەلوپەل+ کرێی کار) بۆ پرۆژەکان، هەوایی بێت یان ژێر زەوی که له پلان یان لەپلانی دەستەی وەبەرهێنان دانەنرابێت و ئەو خەرجیانە ناگەڕێتەوە، خاوەنداریەتی تۆرەکە بۆ هاوبەشانی (کشتوکاڵی و پیشەسازی، بازرگانی) جگە لە گۆرەر وپێوەلکاوەکانی دەگەرێتەوە بۆ فەرمانگە و دەتوانێت کەلکی لێ وەربگیرێت بۆ فراوانکردنی لە ئاینده وەبۆ هاوبەشانی (میری و نیشتەجێ بوون) خاوەنداریەتی سەرجەم تۆرەکە دەگەرێتەوە بۆ فەرمانگە.

**ماددەی (١١):**

ئەگەر هاوبەشێکی نوێ داواکاری راکێشانی هێلی ووزەی کارەبای تایبەتی پێشکەش کرد لەسەر تۆری ووزەی کارەبای هاوبەشێکی کۆنی تایبەت ئەوە دەبێت لە گوژمەی تێچووی پرۆژەکە بەشداربێت بەپێی نرخی وەزارەت لەو بەشەی تۆرەکە کە هەردوو هاوبەشەکە لێی سوودمەند دەبن بەڵام دوای پێنج ساڵ لە پێدانی تەزووی کارەبا (اطلاق القوة) بەهێڵە کۆنەکە ئەم مەرجەی سەرەوە پەیرەو ناکرێت، بەڵام ئەگەر فەرمانگە پێویست بوو سود لەم هێلە وەربگرێت بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەوە ئەو مەرجە نایگرێتەوە و دەتوانی بەکاری بێنێ بێ بەرامبەر.

**ماددەی (١٢):**مەرجەکانی پێدانی زیاتر لە یەك هاوبەشی کارەبا:

١- دوو نهۆم: یان دوو خانوو یان زیاتر لەسەر پارچە زەویەك:

أ- دابڕاوبن لە یەکتر و شوێنی بەکارهێنانی نیشتەجێبونی جیاواز بن، دوو یەکە یان زیاتری نیشتەجێبوون یان بازرگانی بن.

ب- دەرگاو پەیژەی تایبەتی لە دیوی دەرەوە هەبێت.

ت- بەڵگەنامەی باجی خانووبەرە پێشکەش بکات مۆڵەت یان پشتگیری شارەوانی یان پشتگیری یەکەی کارگێری بۆ دەوروبەر (قەزاو ناحیە و گوندەکان)، بەمەرجێک کەشفی بۆ بکرێت لە لایەن فەرمانگەی کارەبای پەیوەندار.

٢- باڵەخانەی بازرگانی و نیشتەجێ بوون:پێویستە بەڵگەنامەی باجی خانووبەرە و لەگەڵ (گرێبەست یان مۆلەتی پیشە) پێشکەش بکات وەهەروەها سندوقی بازبارۆ بۆردی دابەشکردنی سەرەکی و بۆردی پێوەرەکان دابین بکات.

**ماددەی (١٣):**

پێویستە فەرمانگە بە بەردەوامی ووزەی کارەبا بدات بە هاوبەشان، جگە لەو کاتانەی کە ووزەی کارەبا دەبڕێت، بەهۆی گیروگرفتی تەکنیکی یا هەر بارودۆخێکی نا ئاسایی و ناجێگیرەوە، یا بەهۆی فراوانکردن وچاکسازی لە تۆری ووزەی کارەبا یان نەبوونی سەرچاوەی بەرهەمهێنان یان قورسی باری فیدەر و گۆرەر و وێستگە، فەرمانگە بەرپرس نیە لە هەر زیانێکی ماددی یا مەعنەوی لە ئەنجامی ئەو بڕینانەی سەرەوە.

**ماددەی (١٤):**

هاوبەش بەرپرس دەبێت لە سەلامەتی و باش بەکارهێنانی ئەو ئامێرو کەرەستانەی کە فەرمانگە بۆ شوێنی هاوبەشەکە دابینی دەکات، وە هەر زیانێك بەم ئامێرو کەرەستانە بگات لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنان یان ونبوون (جگە لە کۆن بوونی ئەم ئامێر و کەرەستانە) قەرەبووی زیانەکان لەئەستۆی هاوبەش دەبێت و لێی وەردەگیرێت پێش گەڕاندنەوەی ووزەی کارەبایەکەی بەپێی ئەوەی کە لە ماددەی (١٥) دا هاتووە.

**ماددەی (١٥):**

ئەركی چاككردنەوە زیان گەیاندن بە تۆڕەكانی كارەبا دەكەوێتە ئەستۆی ئەو كەسە كە دەبێتە هۆی زیان گەیاندنەكە بەهەمان كوالیتی وە یان بەپێی ئەو كەشف و دەرخستەیەی كە لەلایەن فەرمانگەكانی كارەبای پەیوەندیدار ئامادە دەكرێن بەپێی نرخاندنی پەیرەوكراو لە وەزارەتی كارەبا گوژمەی دیاریكراو بەپێی كەشف و دەرخستەی ئامادەكراو لە كەسی زیان گەینەر وەردەگیرێت دەخرێتە ئەژماری فەرمانگەی پەیوەندار وەلەكاتی دوای جێبەجێكردنی كارەكە بەپێی ڕێنماییەكان لەلایەن فەرمانگە كە لەكاتی هەبوونی پارەی ماوە لە گوژمەی وەرگیراو دەگەرێندرێتەوە بۆ كەسی زیان گەینەر، بۆ كەسی زیان گەیەنەر هەیە خۆی یان نوێنەری وەك چاودێر بەشداری لیژنەكە بێت.

**ماددەی (١٦):**

كارمەندانی كارەبا بۆیان هەیە هەركات پێویست بكات بچنە ناو وێستگەو شوێنەكان، بەتایبەتی بەمەبەستی خوێندنەوەی پێوەر یان بەدواداچوونی سەرپێچی و ئاگاداربوون لە ئامێرەكان (كەموڵكی فەرمانگەیە) وە پێویستە كارمەند باج یان ناسنامەی تایبەت بە فەرمانگەی كارەبای هەڵگرتبێت و (لەڕووی دەرەوەی جلوبەرگەكەی هەڵواسرابێت)، بە مەبەستی ناسین و ئاشكرابوونی كەسایەتی.

**ماددەی (١٧):**

فەرمانگە پارەی تێچووی چاككردنەوەی ئەو ئامێرانە دەگرێتە ئەستۆ كە بەكرێی داون بە هاوبەشەكانی پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، بەڵام لە دوای گۆڕەرو سێركت برێكەرەوە دەكەوێتە سەر هاوبەش (ئەگەر فەرمانگە چاكسازی ئەنجامدا بۆ ئەو ئامێرانەی هاوبەش خۆی دایناون).

**ماددەی (١٨):**

ئەنجامدانی گۆڕانكاری لە تۆڕی كارەبای هاوبەش لەسەر داواكاری خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە جێبەجێ دەكرێت:

١- ئەگەر هەر گۆڕانكاریەك یان زیادكردنێك لە تۆڕی ووزەی كارەبای هاوبەش ئەنجامدرا لەسەر داواكاری خۆی وەك گۆڕینی شوێنی ستوون و (H-Pole)ی گۆڕەرەكان یان هەر گۆڕانكارییەكی تر ئەوە خەرجی ئەم كارە لە ئەستۆی هاوبەشەكە خۆی دەبێت، بەپێی خشتەی ژمارە (١)ی پاشكۆی ژمارە یەک وە بەپێی دوایین نرخی پەیرەوكراوی وەزارەت مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت. بەڵام ئەگەر ڕێگریهكە یان زیادەڕۆییەكە یان گۆڕانكارییەكە بە هۆی فەرمانگەكانی كارەباوە بێت، كە تۆڕی كارەبای لە موڵكی هاوبەشەكە دانابوو بەبێ رەزامەندی فەرمی ئەوە سەرجەم خەرجیەكان دەكەوێتە ئەستۆی فەرمانگە یان دەكەوێتە ئەستۆی شارەوانی ئەگەر تۆڕەكە بە ئاگاداری و ڕەزامەندی شارەوانی دانرابوو یان فەرمانگەی كشتوكاڵی.

٢- نابێت هیچ گۆڕانكاریەك لە تۆڕی سەر زەوی و ژێر زەوی و تۆڕەكانی رووناكی بكرێت، جگە لەو داواكارییانەی كە لە لایەن شارەوانییەوە پێشكەش دەكرێت یان پشتگیری دەكرێت (گۆڕانكاری لە شەقام و گۆڕەپان و شوێنە گشتیەكاندا) ئەوە سەرجەم خەرجیەكان لەئەستۆی ئەو لایەنە دەبێت كە داوای گۆڕانكاری دەكات بەپێی خشتەی ژمارە (١) وە بەپێی دوا نرخی وەزارەت مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت.

٣- ئەگەر هاوبەش داوای گۆڕینی شوێنی پێوەری كرد دوای پەسەندكردن لەلایەن فەرمانگە، ئەوە كارەكەی بۆ ئەنجام دەدرێت بەرامبەر بە نرخێك كە لە خشتەی ژمارە (١) ئاماژەی پێدراوە.

٤- بەمەبەستی ئەنجام دانی هاتوو لە خاڵی (١-٢)ی سەرەوە هاتووە کەشف و دەرخستە بەپێی نرخی وەزارەت لەلایەن بەرێوەبەرایەتی پەیوەندارەوە ئامادە دەکرێت و تێچووەکە لەلایەن سودمەندەوە دەخرێتە ئەژمێرەی بەرێوەبەرایەتی پەیوەندارەو لیژنە پێك دەهێندرێت کە نوێنەری لایەنی سودمەندی تێدابێت وەک چاودێر و بەپێی رێنماییەکان کارەکە جێبەجێ دەکرێت و ئەگەر دوای تەواوبوونی کارەکە پارەی وەرگیراو زیاد بوو دەگەرێندرێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

**ماددەی (١٩):**

کاتێك هاوبەش نیازی بڕینی ووزەی کارەباکەی هەبوو، پێویستە بەلای کەمەوە پێش (٣) سێ ڕۆژ فەرمانگە ئاگادار بکاتەوە بە خستنە ڕووی هۆکاری بڕینەکە جگە لە هۆکاری کتوپڕ (بە هۆی رووخانی بینا یاخود ئاگرکەوتنەوەو لافاو...هتد) وە سەرجەم خەرجی بڕین و گەڕاندنەوەی ووزەی کارەباکە لە ئەستۆی هاوبەش (داواکار) دەبێت، بەپێی نرخی دیاریکراو لە خشتەی ژمارە (١) بەڕەچاوکردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

١- بڕین و گەڕاندنەوەی ووزەی کارەبا بەپێی رێکارە یاساییەکان بە مەبەستی نۆژەنکردنەوە.

٢- بڕین و گەڕاندنەوەی ووزەی کارەبا بەهۆی رووخاندن و دروستکردنەوەی بینا، لەو کاتەدا پێوەرەکەی لێ دەکرێتەوە و پاکتاوی ژمێریاری بۆ دەکرێت.

٣- بڕینی کارەبای ڤوڵتییەی نزم و ناوەند و بەرز لەم حاڵەتەدا گوژمەی کرێی دیاریکراوی سنووورداری لێوەردەگیرێت لەسەر بڕینی ووزەی کارەبا لە هەرگۆڕەڕێك بەپێی بڕگەکانی خشتەی ژمارە (١).

٤- لایەنێکی حکومی (کەخاوەنی شوێنەکەیە) داوای بڕینی ووزەی کارەبا بکات بە هەر هۆیەك کە پەیوەندی بەکاری شوێنەکەوە هەبێت، ئەوە دوای پاکتاوی ژمێریاری هاوبەشەکە ووزەی کارەبای دەبڕدرێت.

٥- ئەگەر شارەوانی داوای بڕینی ووزەی کارەبای شوێنێك بکات کە هاوبەشەکە سەرپێچی هەبێت لە مەرجەکانی (ماستەر پلانی شار) ئەوە بڕینەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگا و یەکە کارگێرییەکان جێبەجێ دەکرێت.

٦- هاوبەش بۆی هەیە لە هەر کاتێك دا داوای هەڵوەشانەوەی هاوبەشەکەی بکات بەمەرجێك پاکتاوی هەموو قەرزەکانی پێشوو بکات ئەمەش جگە لەو حاڵەتانەی کە پێکهاتەکەی بە گوێرەی گرێبەست کرێچی تیایدا نیشتەجێ بێت کە لەم حاڵەتەدا پێویستە کرێچی ڕەزامەندی لەسەر بڕینی بدات.

**ماددەی (٢٠):**

فەرمانگە بۆی هەیە کارەبای هاوبەش ببرێت لەکاتی سەرپێچیدا بە ئاگادارکردنەوەی یان بێ ئاگادارکردنەوەی لەکاتێك کە سەرپێچی (یەکێك یا زیاتر) لەم سەرپێچیانە لای خوارەوە ئەنجام بدات بەمەش ووزەی کارەباکەی بۆ ناگەرێندرێتەوە تا سەرپێچیەکە لانەبرێت یان کەم وکوریەکان تەواو نەکرێت لەگەڵ پاراستنی سەرجەم مافەکانی فەرمانگە کە لەئەنجامی ئەم کارە دێتە کایەوە وەك وەرگرتنی پارە بەپێی جۆری سەرپێچیەکە کە لە خشتەی ژمارە (١) داهاتووە، وە ئەم رێکارانە نابنە بەربەست لەبەردەم سزای تر کە ڕێنمایە کارپێکراوەکان دەیسەپێنن.

جۆرەکانی سەرپێچی لەسەر تۆڕەکانی کارەبا بەم شێوەی خوارەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت:

**یەکەم:** سەرپێچی کار ووزەی کارەبای لەسەر دەبرێت لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١- هاوبەش دەستکاری سێرکت برێکەری پێوەر بکات.
٢- هاوبەش بەشێوەیەك ووزەی کارەبا بەکار بێنێت کە زیان بە تۆری کارەبای ناوچەکە بگەیەنێت، وەك بەکارهێنانی باری زیادە و ئیشپێکردنی ئامێری پیشەسازی ڕێپێنەدراو.
٣- هاوبەش ڕێگربێت لە جێبەجێکردنی کارە پێویست و فەرمیەکانی فەرمانگە.
٤- هاوبەش بەبێ ڕەزامەندی فەرمی فەرمانگە ووزەی کارەبا بدات بە شوێنی دیکە.
٥- هاوبەش کەم وکوڕی هەبێت لە دامەزراندنی سیستەمی بەستنی تۆڕی کارەبا بەجۆرێك کاریگەری خراپی هەبێت لە سەر دامەزراوەکانی تۆڕی وزەی کارەبا.
٦- پێوەری هاوبەش بۆ سێ خولی خوێندنەوەی یەك لە دوای یەك نەخوێندرێتەوە بە هۆی لە ماڵ نەبوون یا ڕێگە پێنەدان بەخوێندنەوەی پێوەری کلاسیک.
٧- بڕیاری دادگا دەرچووبێت و پلەی کۆتایی وەرگرتبێت و کرابێت بە بڕیارێکی جێبەجێکراو.
٨- کاتێك فەرمانگە بیەوێت وزەی کارەبا بدات بە هاوبەشێکی نوێ لەسەر گۆڕەری هاوبەشێکی کۆن کە بەکرێی گرتووە لەفەرمانگە وە هاوبەشە کۆنەکە ڕازی نەبێت.
٩- ئەگەر هاوبەش کاری چاندنی دار و درەخت یان کاری بیناسازی ئەنجام بدات کە زیان بە هێڵەکان و تۆڕەکانی ووزەی کارەبا بگەێنێت وە دوای ئاگادارکردنەوەی لەلایەن فەرمانگەوە ڕازی نەبێت بە لابردنیان، لەم کاتەدا فەرمانگە دەتوانێت ووزەی کارەبای هاوبەش ببڕێت وە ئەگەر هاوبەش بەفەرمی داوای گەڕاندنەوەی ووزەی کارەباکەی کرد دوای لابردنی سەرپێچییەکان و پێدانی گشت خەرجیەکان ئینجا ووزەی کارەباکەی بۆ دەگەڕێندرێتەوە.
١٠-دامەزراوە یا بینای هاوبەش بەسەرپێچی دروست کرابێت لەسەر مولکی خەڵك بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی خاوەنەکەی و تۆڕی کارەبای بەشێوەی نایاسایی ڕاکێشابێت.

**دووەم:** پێویستە هاوبەش گۆڕینی جۆرو بەکارهێنانی ووزەی کارەباکەی لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر بەڕەزامەندی فەرمانگەی پەیوەندیدار بێت بە پێچەوانەوە وەکو سەرپێچی کار مامەڵە لەگەڵ هاوبەش دەکرێت و کارەباکەی دەبڕێت و ئەگەر نرخی پۆلە نوێ یەکە زیاتربوو لەوەی کۆنەکە کە بەکاری هێناوە وە ماوەی گۆڕینی بەکارهێنانەکە بە بەڵگەوە دیاربوو ئەوا بەپێی ئەو ماوەیە کرێیەکەی لەسەر ئەژمار دەکرێت بەپێی پۆلە نوێیەکەوە ئەگەر ماوەکەی دیارنەبوو ئەوا ماوەی دوو ساڵی بۆ ئەژمار دەکرێت بەپێی پۆلە نوێیەکەو جیاوازی نێوان پارەی هەردوو پۆلە نوێیەکەو کۆنەکەی لێ وەردەگیرێت وە ئەگەر نرخی پۆلە نوێیەکە کەمتربوو ئەوا تەنها کارەباکەی دەبڕدرێت تاکو پۆلەکەی دەگۆڕێت .

**سێیەم:** ئەگەر بەسەرپێچی کارەبا راکێشرابوو (بێ کردنەوەی هاوبەش، بێ پێوەر، پێوەری زیرەک فولکرابێت لە پاش پڕۆژەی ڕووناکی لەلایەن هاوبەشەکە، لەژێر پێوەر ، دەستکاری پێوەر ، دەستکاری مۆری پێوەر یان مۆری سی تی یان هەر مۆریک لە لایەن فەرمانگەی پەیوەندار دانرابیت، شکانی جامی پێوەر بەشێوازێك لە توانا دابێت دەستکاری پێوەر بکرێت ) ئەم حاڵەتانە بە سەرپێچی ئەژمار دەکرێت و ئەوا ووزەی کارەبای لە سەر دەبڕێت بڕی ووزەی کارەبای بەکارهاتوو پاکتاو دەکرێت و پێبژاردن (غرامة) دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە.

١- دیاریکردنی ماوەی سەرپێچی لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەتمەند کە پێکدێت لە فەرمانگەی کارەبای پەیوەندار وە بە ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی گشتی کارەبای پەیوەندار بۆ دیاری کردنی ماوەی سەرپێچی.
٢- بڕی ووزەی کارەبای بەکارهاتوو بەگوێرەی ئامێرو کەرەستە کارەباییەکانی هاوبەش دیاری دەکرێت بەپێی پاشکۆی ژمارە (٢).
٣-بۆ پاکتاوکردنی بڕی ووزەی بەکارهاتوو بەپێی بڕگەی (١ و ٢)ی سەرەوە بڕەکە دیاری دەکرێت و بەپێی نرخی پۆلەکە کرێیەکەی بۆ ئەژمار دەکرێت و بڕی پارەی ئەم یەکانە لەگەڵ سزای پێبژاردن بەپێی بڕگە (١١) لە خشتەی ژمارە (١) لە هاوبەشەکە وەردەگیرێت بەڵام ئەگەر ماوەی ئاماژە پێدراوی بڕگە (١)ی سەرەوە هەر بڕە پارەیەك درابوو ئەوا لەو بڕە پارەیە دەردەکرێت کە لەم خاڵە بۆی ئەژمار دەکرێت.
٤- ئەگەر پێوەر و سێرکت بریکەر موڵکی فەرمانگەبوو جگە لە پارەی پاکتاوکراوی بڕگەی یەکەمی سەرەوە پارەی زیان لێکەوتنی پێوەرو سێرکت بریکەری لێ وەردەکیرێت.

**چوارەم:** لەکاتی سوتانی پێوەری هاوبەش پێویستە هاوبەش سەردانی فەرمانگەی چاککردنەوەی کارەبا بکات بۆ بەستانی کارەباکەی بەشێوەی کاتی وە پێویستە لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا سەردانی فەرمانگە بکات بۆ بەستانی پێوەری نوێ بە پێچەوانەوە بە سەرپێچی دادەنرێت و بەپێی (خاڵی سێیەم) مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێت.

**ماددەی (٢١):**

لەکاتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ گەیاندنی ووزەی کارەبا بۆ هەر شوێنێك، پشت دەبەسترێت بەو بەڵگەنامانەی کە لە بڕگەکانی پاشکۆی ژمارە (١) ئاماژەی پێدراوە بەڕەچاوکردنی پۆلی بەکارهێنان.

**ماددەی (٢٢):**

فەرمانگە پسوولەی ووزەی کارەبا بەسەر هاوبەشاندا دابەش دەکات بەشێوەی خول وە هەر خولێك بریتیە لە (٣٠) رۆژ، ئەگەر هاوبەشەکە بەشێک نەبێت لە پرۆژەی ڕووناکی (کارەبای ٢٤ کاتژمێری) پێویستە لە ماوەی (١٠) رۆژ پارەی پسولەکە بدات، ئەگەر هاوبەشەکە لەو ماوەیەدا پارەکەی نەدا ئەوا لە پسولەی داهاتوو وەك قەرز دەنووسرێت و ئەگەر بۆ جاری سێیەم پارەکەی نەدا کارەباکەی دەبڕدرێت و بەپێی بڕگەی (٣) لە خشتەی ژمارە (١) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. بەڵام ئەگەر هاوبەشەکە بەشێک بوو لە پرۆژەی ڕووناکی، ئەوا پێویستە پارەی خولی مانگانە لەگەڵ قەرزی نوێ لە ماوەی (٥٠) ڕۆژ بدات، ئەم ماوەیە لە ڕۆژی دەرچوونی پسوولەی هاوبەش لە سیستەمی فرۆشیاری ووزە دەستپێدەکات. دوای ئاگادارکردنەوەی هاوبەشەکە لەڕێگەی کورتەنامە یان لەڕێگەی ژمێرکار ئەگەر هاوبەشەکە لەو ماوەیەدا پارەی تێچووی ووزەی کارەبای نەدا کارەبای لەسەر دەبڕدرێت و بەپێی بڕگەی (٣) لە خشتەی ژمارە (١) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**ماددەی (٢٣):**

کاتێك پسولەی بڕی یەکەی بەکارهاتووی ووزەی کارەبا نەگاتە هاوبەش بۆ سێ خولی خوێندنەوەی یەك لە دوای یەك، پێویستە هاوبەش سەردانی فەرمانگەی پەیوەندیدار بکات و بە نووسین فەرمانگە ئاگادار بکاتەوەو پێویستە قەرزەکە بداتەوە وەئەگەر دوای سێ خولی خوێندنەوە هاوبەش سەردانی فەرمانگەی نەکرد ئەوە فەرمانگە کارەبای هاوبەش دەبڕێت وە دەبێ قەرزەکە بەیەکجار بداتەوەو. لێپێچینەوە لەگەڵ کارمەندی کەمتەر خەم دەکرێت سەبارەت بەم بابەتە.

**ماددەی (٢٤):**

ئەگەرگومان دروست بوو لە لای فەرمانگە یان لەلای هاوبەش کە پسولەی بەکارهێنانی ووزەی کارەباکەی تەواو نیە پێویستە داواکاری پێشکەش بە فەرمانگەی پەیوەندیدار بکات بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردن بەپەیڕەوکردنی ئەم خالانەی خوارەوە:

**یەکەم:** لەلایەن فەرمانگەی کاروباری ووزەی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار بەراوردی خوێندنەوەی تازەترین تۆمارکراوی هاوبەش کەلەبەشی سێیەمی پسولە (کەعب)ی هێنراوە لەلایەن ژمیرکارەوە لەگەڵ تۆمارکراوی سەر پسولە دەکرێت و وردبینی ئەژمارکردنی نرخی یەکەی بەکارهاتوی کارەبا دەکرێت وئەگەر هەڵە هەبوو ئەوە پێویستە راستکردنەوەی هەڵەی پسوڵەی کارەبا ئەنجام بدرێت و پسولەی نوێ بۆ هاوبەشەکە چاپ بکرێتەوە و کرێیە راستکراوەکە دەکەوێتە ئەستۆی هاوبەش بەڵام ئەگەر هەڵەی تێدانەبوو ئەوە خاڵی (دووەم) لەم ماددەیە ئەنجام دەدرێت

**دووەم:** لەلایەن فەرمانگەی کاروباری ووزەی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار سەردانی هاوبەش دەکرێت و بەراوردی خوێندنەوەی تۆمارکراوی سەر پسولەکە و خوێندنەوەی پێوەرەکە دەکرێت و نۆڕینی (بینین)ی پێوەرو دەوروبەری دەکرێت بۆ دڵنیابوون لەنەبوونی سەرپێچی لەسەر پێوەر و تۆڕەکە، وە لیستی ئامێرەکان و تواناکانیان وردبینی دەکرێت و ئەگەر دەرکەوت خویندنەوەی پێوەرەکە بەهەڵە ئەنجام دراوە لەلایەن ژمێرکارەوەو هیچ جۆرە سەرپێچییەك نیەو خوێندنەوەی پێوەری بەبەراورد لەگەڵ لیستی ئامێرەکان پەسەندە ئەوە پێویستە راستکردنەوەی هەڵەی پسولەی کارەبا بکرێت و بڕە پارە راستکراوەکە دەکەوێتە ئەستۆی هاوبەش ، ئەگەر هاوبەشەکە پارەی دابوو پێش دەرچوونی پسولە نوێیەکەی لەم کاتەدا ئەو پارەیەی داویەتی دەچێتە سەر حیسابەکەی واتا (فەرمانگە قەرزاری هاوبەش دەبێت)، وە ئەگەر دەرکەوت کە سەرپێچی کراوە ئەوە وەکو سەرپێچیکار مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بەپێی ماددەی (٢٠) خاڵی (سێیەم). وە ئەوە نابێتە ڕێگر بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵە.

**سێیەم:** ئەگەر فەرمانگە بۆی دەرکەوت پسولەکە تەواوە، پێویستە هاوبەش پارەکە بدات، ئەگەر هەر بڕوای بەڕاستی پسولەکە نەبوو، ئەوە دەتوانێت داوای پشکنینی پێوەرەکەی بکات و پارەی پشکنینەکە دەبێت پێشەکی بدات بەپێی نرخی دیاریکراو لەخشتەی ژمارە (٣).

**چوارەم:** ئەگەر لە ئەنجامی پشکنین دەرکەوت پێوەرەکە بەڕێکی کار دەکات پێویستە هاوبەش ئەو بڕە پارەیە بدات کە لە پسولەکەدا هاتووە، بەڵام ئەگەر هاوبەش هەر بڕوای نەبوو بەئەنجامی پشکنینەکە ئەوە پێوەرێکی نوێ دەبەسترێت لەگەڵ پێوەرە کۆنەکەو بەراوردی خوێندنەوەی هەردوو پێوەر دەکرێت لەماوەی خولێکی خوێندنەوە، ئەگەر دەرکەوت پێوەر بەدروستی کار دەکات ئەوە ئەنجامەکە یەکلاکەرەوە دەبێت و پێویستە هاوبەش بڕی پارەی پسولەکە و سەرجەم خەرجیەکانی ئەم کارە بدات.

**پێنجەم:** ئەگەر لە ئەنجامی پشکنین دەرکەوت پێوەرەکە بە دروستی کارناکات هەڵە لە خوێندنەوەی دا هەیە یان وەستاوە ئەوا پێویستە ڕاستکردنەوەی هەڵەی پسوولەی کارەبای بۆ بکرێت و کارەبای خەرجکراو بۆ ئەو ماوەیەی کە پێوەرەکە تێکچووە تا بەستانی پێوەری نوێ ئەژمار دەکرێت بە گوێرەی بڕی کارەبای بەکارهاتووی هاوبەشەکە پێش تێکچوونی پێوەرەکە بۆ هەمان ماوەی ساڵی پێشوو یان ساڵێك لە

ساڵەکانی پێشوو ، وەیان بەپێی تێکرای ڕۆژانەی خوێندنەوەی پێوەری زیرەک ئەژمار دەکرێت ئەگەر پێوەری زیرەکی هەبێت وەئەگەر پێش تێکچوون خوێندنەوەی دروستی نەبوو کارەبای خەرجکراو بەپێی خەملاندنی لۆدی ئامێرەکان بۆی ئەژمار دەکرێت و پاکانەی بۆ دەکرێت بە گوێرەی پاشکۆی ژمارە (٢).

**ماددەی (٢٥):**

ئەگەر پێوەر سووتا یان دزرابوو بەم شێوەی خوارەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت:

١- لەکاتی سووتانی یان دزرانی پێوەر پێویستە هاوبەشەکە ڕاستەوخۆ سەردانی فەرمانگەکانی چاککردنەوەی کارەبا بکات بۆ بەستنەوەی کارەباکەی بەشێوەی کاتی وە لە ماوەی کەمتر لە (١٠) ڕۆژ سەردانی فەرمانگەی فرۆشیاری ووزە بکات تا کاری گۆڕینی پێوەری بۆ بکرێت وە بەهەمان شێوەی هاتوو لە ماددەی (٢٤) خاڵی (پێنجەم) پاکانەی بۆ دەکرێت.

٢- ئەگەر هاوبەش لەکاتی سووتان یان دزراوی پێوەر بەهەر هۆیەك ئاگاداری فەرمانگەکانی پەیوەندیداری وەزارەتی نەکردەوە زیاتر لەو ماوەیەی کە لەخاڵی یەکەم داهاتووە ئەوا بە گوێرەی خاڵی (سێیەم) لە ماددەی (٢٠) بەسەرپێچی ئەژمار دەکرێت.

**ماددەی (٢٦):**

ئەم هاوبەشانەی کە گۆرەری تایبەت بەخۆیان هەیە بڕی (٢،٥%) لە کۆی ووزەی سەرف کراو وەك ووزەی بە فیرۆچوو لەو هاوبەشانە وەردەگیرێت کەوا پێوەریان لە دوای گۆڕەر واتە لەلایەنی پاڵەپەستۆی نزم بەستراوە بەڵام بۆ ئەو هاوبەشانەی کە پێوەریان لە پێش گۆرەر واتە لەلایەنی پاڵەپەستۆی مام ناوەند یان بەرز بەستراوە ئەم ڕێژەی سەرەوە ئەژمار ناکرێت.

**ماددەی (٢٧):**

پارەی کرێی یەکەی بەکارهاتوو لەهەر کاتێکدا وەردەگیرێت بەپێی دواهەمین نرخی کرێی ووزەی کارەبای پەسەندکراو لەوکاتەدا.

**ماددەی (٢٨):**

پێویستە کەلوپەل وکەرەستەو ئامێرە کارەباییەکان کە لەلایەن وەزارەت و کەسان و لایەنی دەرەوەی وەزارەت بەکار دەهێنرێن بەپێی مواسەفات و ستاندەری وەزارەت بێت، پێویستە لێژنەی وەرگرتن و هەڵسەنگاندنی کەل وپەل ئەو کەلوپەلانە پەسەند بکات کە لەتۆڕەکانی ووزەی کارەبادا بەکار دەهێنرێن.

**ماددەی (٢٩):**

لەکاتی ئاشکرابوونی ڕاکێشانی کارەبا لەلایەن هەر کەسێك بۆ هەر پۆلێك بەبێ ئاگاداری فەرمانگەکانی کارەبا و بەستانی کارەبا بەبێ کردنەوەی هاوبەش و بەستانی پێوەر ئەوا لایەنی پەیوەندار مافی ئەوەی هەیە کەوا کارەباکەی ببڕێت و دەست بەسەر سەرجەم کەل و پەلی بەکار هاتوودا بگرێت و بەخاوەنەکەی نادرێتەوە تا ئەو کاتەی فەرمانگە پەیوەندارەکان سەرجەم پێبژاردنی سەرپێچیەکانی لەسەر ئەژمار دەکەن بەپێی (خاڵی سێیەم لە ماددەی ٢٠) وە بەڵێن نامەی لێ وەربگیرێت سەبارەت بە لادانی سەرجەم ڕێکارەکانی بەستانی کارەباکەی و بە نایاسایی بەستانی کارەبا دووبارەنەکاتەوە .

## بەشی سێیەم
## ڕێنمایی پێدانی ووزەی کارەبا (ڤۆڵتیەی نزم)

**ماددەی (٣٠):**

هاوبەشی پرۆژەی تایبەت سەرجەم خەرجییەکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی بۆگەیاندنی هێڵی کارەبای نوێ لەو ناوچانەی کە پێشتر ووزەی کارەبای دراوەتێ بەمەرجێك درێژی هێڵەکە لە (٧٠٠) مەتر تێپەڕ نەکات لە گۆڕەرە وە یان بەڕەچاوکردنی ڕێژەی دابەزینی ڤۆڵتیە بۆ هەر جیابوونەوەیەك و بە ڕەچاوکردنی باری گۆڕەر بەمەرجێك درێژی کێبڵی هاوبەش لە (٣٠) مەتر زیاتر نەبێت و پێویستە هاوبەش بۆردی پێوەر لەو سنووره دابنێت.

**ماددەی (٣١):**

کاتێك خاوەن شوێنێك داوای گەیاندنی ووزەی کارەبا دەکات و شوێنەکەی لە (٧٠٠) مەتر دوورترە لە گۆڕەرەکەوە، پێویستە تۆڕی (١١ کەی ڤی) یا (٣٣ کەی ڤی)دابنێت، هەروەها دانانی گۆڕەرێکی دیکە لە ناوەندی لۆدە نوێیەکە، بەمەبەستی پێدانی ووزەی کارەبا فەرمانگە نۆڕینی شوێنەکە و ڕێکخستنی نەخشە و دەرخستەی تایبەت ئەنجام دەدات بە مەبەستی گەیاندنی ووزەی کارەبا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی لۆدە تازەکان کە نابێت لە توانای دیاریکراوی گوڕهڕەکە یان سەرچاوەی وزە کارەباییەکە زیاتربێت، وە نابێت دابەزینی ڤولتییە لە سنووری ڕێپێدراو زیاتربێت کە دیاریکراوە لە بڕگەکانی (١، ٢، ٣ ) لە ماددەی دووەم. لەکاتی دابەزینی ڤولتییە لەبڕی ڕێپێدراو و زیادبوونی توانای دیاریکراوی سەرچاوەکە یا گۆڕەرەکە ئەوە پرۆسەی گەیاندنی وزەی کارەبا بۆ ئەو شوێنە دوادەخرێت، تاکاتی دابینکردنی سەرچاوەی گونجاو یان گۆڕەر، ئەنجامدانی نۆڕین بەرامبەر نرخێك دەبێت کە لە بڕگەی (١)ی خشتەی ژمارە (١)دا هاتووە.

**ماددەی (٣٢):**

کاتێك لایەنێك داوا لە فەرمانگە دەکات بە دامەزراندنی تۆڕێکی نوێی کارەبا تێچووی گشت کارەکە (کەرەستە + کرێی کار + ڕێژەی چاودێری) لە ئەستۆی لایەنی سوودمەند دەبێت بەپێی دەرخستەو هەژمارکردنی سەرجەم تێچووەکانی تایبەت بەم کارە لەلایەن فەرمانگە بەڕەچاوکردنی ئەو نرخانەی کە بەشێوەی دەوری لەوەزارەتەوە دەردەچێت تێچوی راستەقینە ئەژمار بکرێت بۆ سەرجەم کارەکان وگەڕانەوەی گوژمەی ماوە بۆ خاوەنی پڕۆژەکە بەپێی ڕێنمایەکان.

**ماددەی (٣٣):**

خەرجی کڕینی پێوەر و کێبڵ و سیرکێت بریکەر و پێوەلکاوەکانی لە ئەستۆی هاوبەش دەبێت لەگەڵ سێرکتی سنووردارکردنی ووزە بەپێی ڕێنماییەکانی فەرمانگە.

**ماددەی (٣٤):**ڕێو شوێنی بەکارهێنانی مۆتۆر:

١- نابێت ئەو مۆتۆرانەی تواناکانیان لە (٣ کیلۆوات) زیاترە بەکاربێت لە سەرچاوەی سینگل فەیس واتە (٢٤٠ڤۆڵت) بەڵکو پێویستە سەرچاوەی ووزەی سێ فەیس و ڤۆڵتییەی (٤١٦/٢٤٠ڤۆڵت)بەکار بێت.

٢- نابێت تەزووی دەستپێکی ئیشپێکردنی مۆتۆر (starting current) لەم بڕانەی خوارەوە زیاتر بێت:

أ- پێویست ناکات تەزووی دەستپێکی ئیشپێکردنی مۆتۆر (starting current) سنووردار بکرێت بۆ ئەو مۆتۆرانەی کە تواناکانیان لە ( ٣ kW ) کەمترە.

ب- (٢× تەزووی کارکردن بۆ ئەو مۆتۆرانەی تواناکانیان لە ٣ تا ١٠ کیلۆ واتە).

ج-(×١،٥ تەزووی کارکردن بۆ ئەو مۆتۆڕانەی توانایان لە ١٠ تا ٢٠ کیلۆ واتە).

د-(×١،٤ تەزووی کارکردن بۆ ئەو مۆتۆڕانەی توانایان لە ٢٠ کیلۆ وات زیاترە).

٣- بەکارهێنانی ئامێرەکانی دەستپێك و پارێزگاری خۆیی بۆ ئەو مۆتۆڕانەی کە توانایان لە (٣ کیلۆوات) زیاترە، بۆ بەدەست هێنانی ئەو تەوژمانەی کە لە خاڵی (٢) سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە یان بەکارهێنانی هەر بریتێکی (بدیل) دیکە.

**ماددەی (٣٥):**

ئەگەر هاوکۆڵکەی توانا ( Power Factor)ی ئامێرەکانی هاوبەشەکە کەمتر بێت لەو ئاستەی فەرمانگە دیاری کردووە (٠،٩)، پێویستە فەرمانگە ئامێری پێویست بۆ بەرزکردنەوەی هاوکۆلکەی توانا بۆ ئاستی پێویست دابین بکات و نرخی هەموو ئامێرو کرێی کار لە هاوبەش وەربگیرێت جگە لە پۆلی ماڵان (ئەوانەی گۆڕەری تایبەتیان نییە). یان لەلایەن سوودمەندەوە دابین بکرێت بەپێی مواسەفاتی ڕێپێدراوی وەزارەت. بە پێچەوانەوە ئەگەر پابەند نەبوون فەرمانگە بۆی هەیە بەپێی kva.hr لە بری kw.hr خەرجی کارەبا لە سەر هاوبەش ئەژمار بکات.

## بەشی چوارەم

## ڕێنمایی پێدانی ووزەی کارەبا (ڤۆڵتییەی ناوەند وبەرز)

**ماددەی (٣٦):**

تێچووی ڕاکێشانی ووزەی کارەبا و وێستگەی مۆبایل و کویسك و گۆڕەڕو سووڕبڕ (سێرکت بریکەر) و پێوەر بۆ هاوبەشی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و حکومی و گەشتوگوزاری لە ئەستۆی سوودمەند دەبێت.

**ماددەی (٣٧):**

هاوبەش بەرپرسە لە جێبەجێکردن و بەستنی تۆڕی کارەبای ناوخۆ تا سێرکت بریکەری ڤۆڵتییەی نزمی گۆڕەر، پێویستە هاوبەش سێرکت بریکەری ڤۆڵتییەی نزم دابین بکات کە لەڕووی تەکنیکیەوە گونجاو بێت و دادەمەزرێت دوای نۆڕین بەرامبەر بە بڕێك پارە کە پێشەکی وەردەگیرێت بەپێی خشتەی ژمارە(١)، پێویستە هاوبەش سێرکت بریکەر لە دەرەوەی ژووری وێستگە ناوەندییەکە دابمەزرێنێت، بە دووریەکی گونجاو کە لە (١٥م) زیاتر نەبێت، هەروەها دانانی ئامێری پارێزگاری لە سەر هەر سێ فەیسەکە بە مەبەستی ڕێگاگرتن لە لۆدی زیاد و شۆرت (short circuit) کە توانای بەرگری هەبێت تا (١٢٠%)ی لۆدی ئاسایی.

**ماددەی (٣٨):**

هەر کاتێك پێویست بوو ئامێری زیاد دابنرێت بۆ تۆڕەکانی کارەبا بۆ بەرژەوەندی گشتی وەك زیادکردنی (سووربڕ یان کێبلی نوێ)، بڕی تێچووی ئەو ئامێرانەو کرێی بەستنەکە لە هاوبەش وەرناگیرێت، بەڵام ئەگەر زیادکردنی ئەو کەرەستانە لەسەر داواکاریی هاوبەش بوو ئەوە پارەی تێچوو و کرێی بەستنەکەی لێ وەردەگیرێت دوای ڕەزامەندی فەرمانگە.

**ماددەی (٣٩):**

ئەگەر باڵەخانەی نیشتەجێبوون دروست بکرێت لە لایەن میری یان کەرتی تایبەت و بدرێت بە هاوبەشان، ئەوا سەرجەم خەرجی گەیاندنی ووزەی کارەبا (کەرەستە + کرێی کار) لە چوارچێوەی پرۆژەکەدا دەکەوێتە ئەستۆی ئەو لایەنەی کە باڵەخانەکە دروست دەکات یان خاوەنداریەتی دەکات.

**ماددەی (٤٠):**

ئەگەر زیاتر لە سێ هاوبەش لە یەك بینا (پێکهاتە) بوون ، پێویستە خاوەنی موڵکەکە (مالك العقار) سەرجەم ئامێرەکانی پاڵەپەستۆی نزم دابین بکات ، هەروەها دابینکردنی (سێرکت برێکەر و بازباڕو بۆردی دابەشکردنی سەرەکی)، پێویستە بۆردی پێوەرەکان لە دەروازەی بیناکە بێ ، بەڵام ئەگەر نەتوانرا پێوەرەکان لە سەرەتای چوونە ژوورەوەی بیناکە دابنرێت ، ئەوە پێویستە بۆردی دابەشکردن دابین بکات بۆسەرجەم نهۆمەکانی بیناکە بەپێی مواسەفاتی تایبەت کە فەرمانگە دیاری دەکات ئەمەش بەپێی ڕێنماییەکان دەبێت.

**ماددەی (٤١):**

ئەوشوێن و بینایانەی کە سیستەمی ساردی وگەرمی ناوەندی (مەرکەزی) و ئەسانسێر و (مصعد) وپەمپی ئاویان هەبێت، مەرجە بۆردی دابەشکردنی سەربەخۆ دابنرێت بۆ ئەو ئامێرانە، بەمەبەستی دانانی پێوەری سەربەخۆ، یەکەی بەکارهاتوو لەو پێوەرانەدا هەمان مامەڵەی پۆلی پێکهاتەکەی لەگەڵ دەکرێت واتە ئەگەر ماڵان بوو وەك ماڵان یان بازرگانی بوو وەك بازرگانی ئەژمار دەکرێت وەبۆ ئەوانەی تێکەڵن لەنێوان ماڵان و بازرگانی بە بازرگانی ئەژمار دەکرێن.

**ماددەی (٤٢):**

ئەگەر پۆلی هاوبەشی شوێنێك گۆڕدرا، دووبارە پۆلینی هاوبەشی بۆ دەکرێتەوە بەپێی ئەم ڕێنماییە وگشت خەرجیەکان لەئەستۆی هاوبەش (خاوەن شوێن) دەبێت و هاوبەش بەرپرس دەبێت لەئاگادارنەکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەم گۆڕینە. بە مەرجێک پاکتاو بۆ هاوبەشەکە بکرێت پێش گۆڕین.

**ماددەی (٤٣):**

پێویستە هاوبەش (خاوەن شوێن) ئاگاداری فەرمانگە بکاتەوە لە کاتی گۆڕینی خاوەنداریّتی پێکهاتەکە (المرفق) لە کەسێک بۆ کەسێکی دیکە یان لەکاتی گۆڕینی پۆلی هاوبەشیەکە راستەوخۆ دوای جێبەجێ کردنی گواستنەوە یا گۆڕینەکە بەپێچەوانەوە خاوەنی نوێی پێکهاتەکە لە هەموو کارێکی یاسایی بەرپرس دەبێت. پێویستە پێش ئەنجام دانی گۆڕینی خاوەنداریّتی پاکتاوی سەرجەم قەرزەکانی سەر هاوبەش ئەنجام بدرێت.

**ماددەی (٤٤):**

لەکاتی بەکارهێنانی بەشێك لە باڵەخانەیەکی کەرتی تایبەت لەلایەن فەرمانگەیەکی میرییەوە، پێویستە ئەو بەشەی کە فەرمانگەکەی تێدایە هاوبەشیەکەی جیا بکرێتەوە و وەك پۆلی میری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بە پێچەوانەشەوە، واتە جیاکردنەوەی ئەو بەشە لە هاوبەشەکانی دیکەی باڵەخانەکە.

**ماددەی (٤٥):**

سەبارەت بەو باڵاخانانەی کە بەکرێ گیراون چەند فەرمانگەیەکی میری تێدایە و ناکرێت تۆڕی کارەباکەی جیابکرێتەوە، پارەی خەرجی ووزەی کارەبا لەلایەن باڵەخانەکە دابین دەکرێت و ئەویش لەگەڵ هاوبەشەکان پاکتاوی دەکات بەپێی پۆلی میری، بەڵام ئەگەر باڵەخانەکە میری بوو ئەوا ئەو لایەنەی خاوەن داریّتی دەکات پارەی خەرجی ووزەی کارەبای بەکارهاتوو لە ئەستۆ دەگرێت.

**ماددەی (٤٦):**

ئەگەر هاوکۆلکەی توانا (Power Factor)ی ئامێرەکانی هاوبەشەکە کەمتر بێت لەو ئاستەی فەرمانگە دیاری کردووە بە (٠،٩)، پێویستە فەرمانگە ئامێری پێویست بۆ بەرزکردنەوەی هاوکۆلکەی توانا بۆ ئاستی پێویست دابین بکات، نرخی هەموو ئامێر و کرێی کار لە ئەستۆی هاوبەش دەبێت. بە پێچەوانەوە فەرمانگە ووزەی کارەبای بەکارهاتووی بەپێی (kva.hr) لەبری (kw.hr) بۆ ئەژمار دەکات.

**ماددەی (٤٧):**

ئەگەر فەرمانگە هاوبەشی نوێی لەسەر گۆڕەرێك دانا کە پێشتر بەکرێ درابوو بە هاوبەشێکی تر ئەوە بڕی بەکرێ گرتنی ئامێرەکان دابەشی سەر هاوبەشەکان دەکرێت بەیەکسانی، بەڵام ئەگەر ژمارەی هاوبەشەکانی سەر گۆڕەڕەکە (٣) هاوبەش یان زیاتر بوو ئەوە کرێ وەرناگیرێت و ئەو گۆڕەڕە بە بەرژەوەندی گشتی ئەژمار دەکرێت .

**ماددەی (٤٨):**

١- پڕۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان بەپێی یاساکان و رێنمایەکانی پێدانی ووزەی کارەبا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

٢- گوژمەی تێچووی گەیاندنی ووزەی کارەبا بۆ پرِۆژەکانی نیشتەجێبوونی (مساطحە) و (موڵك) لەئەستۆی خاوەن پڕۆژە دەبێت

٣- گوژمەی تێچووی گەیاندنی ووزەی کارەبا بۆ پڕۆژەکانی (بازرگانی، پیشەسازی، کشتوکاڵی) لەئەستۆی خاوەن پڕۆژە دەبێت.

٤- کۆمەڵگە نیشتەجێبونەکانی وەبەرهێنان یان (مساطحە) یان (موڵك) چاکردنەوەی تۆڕی کارەبای ناوخۆی کۆمەڵگەکە دەکەوێتە ئەستۆی فەرمانگەی کارەبا لەوکاتەوە کەدیاری کراوە بەگوێرەی گرێبەستی نێوان خاوەن خانووەکان و وەبەرهێنەر یان خاوەن موڵك یان مساطحە یاخود بەگوێرەی گرێبەستی نێوان وەبەرهێنان و وەبەرهێنەر بە مەرجێك تۆری ناوخۆی پڕۆژەکە و هێڵی سەرەکی گەیاندنی کارەبا بۆ پڕۆژەکە بە ئاگاداری و سەرپەرشتیاری فەرمانگەی کارەبای پەیوەندیدار ئەنجام درابێت وە پەسەندکرابێت وە لەلایەن فەرمانگەی کارەباوە گواستنەوەی مولکیەتی تۆڕەکەی بۆ سەر فەرمانگەی کارەبا کرابێت دوای داواکاری لەلایەن خاوەن پڕۆژەکە بە دەست بەرداربوونی لە پڕۆژەکە وەهەروەها سەرجەم پێکهاتەکانی پڕۆژەکە بەتەواوی کارەبایان پێدرابێت و ماوەی زیاتر لە ساڵێکی بەسەردا تێپەر بووبێت.

## بەشی پێنجەم

## رێنمایی پێدانی وزەی کارەبا بە شێوەی کاتی

پێشکەشکردنی داواکاری بە بەڵگەنامەی باوەڕ پێکراو بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**ماددەی (٤٩):** بۆ جێگە و دامەزراوە کاتییەکان :

١- پێشکەشکردنی فۆرمی داواکاریی پێدانی ووزەی کارەبا، کە نووسراوی پشتگیری و رەزامەندیی لایەنی پەیوەندیداری هاوپێچ بێت.

٢- دابینکردنی جێگەی گونجاو بۆ پێوەرو سێرکت بریکەر، لە شوێنێك کە فەرمانگە دیاری دەکات بەڕەچاوکردنی مەرجی سەلامەتی و خۆپاراستنی پیشەیی و مەرجی تەکنیکی.

٣- لە کاتی دانان ولابردنی کارەبای هاوبەشی کاتی سەرجەم خەرجی کەرەستە و کرێی کار دەکەوێتە ئەستۆی هاوبەشەکە، لەگەڵ پاکتاوکردنی سەرجەم خەرجیەکانی ووزەی کارەبای بەکارهاتوو.

**ماددەی (٥٠):** پێدانی وزەی كارەبای كاتی بە بیناو دامەزراوە كان لەقۆناغی جێبەجێكردن: ووزەی كارەبا بە ڤۆڵتیەی نزم (تا ٣٠ كیلۆوات) و ناوەند بە شێوەی كاتی دەدرێت بەو پرۆژانەی كە لە قۆناغی جێبەجێكردندان لەكاتی پێویست وە بەرەزامەندی فەرمانگە بە رەچاوكردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- پێشكەشكردنی فۆرمی تایبەت بە پێدانی ووزەی كارەبا كە مۆڵەتی بیناكە یان رێپێدانی فەرمی هەبێت یانی دامەزراوەكە رێپێدانی فەرمی هەبێت یان پشتگیری شارەوانی یان لایەنی پەیوەندیدار مۆڵەتی پێدابێت.

٢- لەلایەن فەرمانگەوە نۆرینی بۆ دەكرێت، بەمەبەستی ئاگاداربوون لە بەردەوامی هەبوونی ووزەی كارەبای كاتی لە شوێنەكە، كات و بەرواری نۆرین لەلایەن فەرمانگەوە دیاری دەكرێت و ئەژماركردنی یەكەی بەكارهاتوو ووزەی كارەباكەی لەسەر بنچینەی هاوبەشی لە جۆری ڤۆڵتیەتییەی نزمەوە بەپێی پۆلی بازرگانی هاوبەشیەكەی دەبێت.

٣- هاوبەشەكە سەرجەم خەرجی تێچووی (كەرەستەو كرێی كار) لەكاتی گەیاندنی تەزووی كارەبای كاتی و لابردنی بۆ پرۆژەكەی لەئەستۆ دەبێت، دوای پاكتاوكردنی سەرجەم خەرجی و قەرزەكان.

٤- لە كاتی پێدانی كارەبا بەشێوەی كاتی پێویستە بەڵێننامە لە داواكار وەربگیرێت بۆ ماوەی تەواوكردنی پرۆژەكە وە لە ماوەی هەر (٦) مانگ جارێك داوای دووبارە پێدانەوەی كارەبا بكاتەوە. وە پێویستە پاكتاوی سەرجەم قەرزەكانی بكات وە نابێت ووزەی كارەبای پێدراو بۆ هیچ مەبەستێكی تر كە لە بنەرەتدا بۆ پرۆژەكە دیاری كراوە بەكار بهێنێت بە پێچەوانەوە خۆی بەر پرسیار دەبێت و رێكاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتە بەر.

## بەشی شەشەم
## رێكارە گشتییەكان (الاحكام العامة)

**ماددەی (٥١):**

هاوبەش بۆی هەیە داواكاریەك پێشكەش بكات بەمەبەستی خوێندنەوەی پێوەرەكەی لەدوای دەوامی فەرمی بەرامبەر بە كرێیەكی دیاریكراو بۆ هەر خوێندنەوەیەك، وەك لەخشتەی ژمارە (١) ی هاوپێچ داهاتوە.

**ماددەی (٥٢):**

كارەبا نادرێت بەوانەی سەرپێچیان كردۆتە سەر زەوی میری تەنها دوای چارەسەری كێشەی سەرپێچییەكە بەپێی نووسراوێكی فەرمی لە لایەن شارەوانی یان یەكەی ئیداریی تایبەتیمەند كە پشتگیریان بكات بە پێدانی تەزووی كارەبا.

**ماددەی (٥٣):**

هێلی كارەبا سنووری ئاسۆیی (المحرمات الافقیة) هەیە و كەمترین رێپێدانی نزیكبونەوە لێی (سماحات دنیا) هەیە بەپێی ڤۆڵتیەی هێلەكە وە لەسەر هاووڵاتیان پێویستە رەچاوی ئەم سنوورە (محرمات)ە بكەن بەپێی هاتوو لە خشتەی ژمارە (٤) ی هاوپێچ لەم رێنماییە، بەپێچەوانەوە فەرمانگە هیچ بەرپرسیارەتیەك لەئەستۆ ناگرێت. لەكاتی بەزاندنی ئەم سنوورانە لەلایەن هاووڵاتیانەوە و هیچ مافێكیان نیە داوای قەرەبوو بكەنەوە لەو زەرەرو زیانە مادی و مرۆییەی كە پێیان دەگات بەپێچەوانەوە وەزارەت بۆی هەیە داوای یاساییان لەسەر تۆمار بكات و داوای قەرەبووی زیانەكان بكات.

**ماددەی (٥٤):**
پێدانی کارەبا شەرعیەت نادات بە پرۆژە یان موڵك وە تەنها لەپێناو رێگرتن لە زیادە ڕەوی و دزینی کارەبا وبەفیرِۆچونی کارەبا دەبێت.

**ماددەی (٥٥):**
سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە لە ماڵان وشوێنە بازرگانییەکان لێپرسراویەتی فەرمانگەی کارەبا تا ئاستی پێوەری کارەبایە و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکرێت لە رێگای لێژنەیەکی تایبەتمەند بۆ دیاریکردنی هۆکارەکانی ئاگرکەوتنەوەکە.

**ماددەی (٥٦):**
نرخەکانی کەل و پەلی تۆڕی کارەبا دەنرخێنرێن بەپێی ئەو نرخانەی کە لە لایەن وەزارەتی کارەباوە دەردەکرێت.

**ماددەی (٥٧):**
تەزووی کارەبا دەبڕدرێت لەسەر ئەوانەی کە سەرپێچی لە رێنماییەکانی دروست بەکارهێنانی تەزووی کارەبا دەکەن کە وەزارەت دیاری دەکات بۆ ماوەی سێ رۆژ سەرباری وەرگرتنی کرێی بڕین و گەڕانەوە و زیانەکانی کە بەر تۆڕەکە دەکەوێت.

**ماددەی (٥٨):**
ئەم رێنمایە جێگای رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١ی وەزارەتی کارەبا دەگرێتەوە وە کار بە هیچ رێنمایەک ناکرێ کە ناکۆک بێت لەگەڵ ئەم رێنمایە.

**ماددەی (٥٩):**
سەرجەم پاشکۆکانی هاتوو لە (پاشکۆکانی ١ تاکو ٤) لەگەڵ سەرجەم خشتەکانی هاتوو لە (خشتەکانی ١ تاکو ٦) بەشێکن لەم ڕێنمایە وە کاری پێ دەکرێت.

**ماددەی (٦٠):**
ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە هەرێمی کوردستان لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**ئەندازیار**
**كمال محمد صالح**
**وەزیری کارەبا**

**پاشکۆی ژمارە (١)**

**یەکەم:** هاوبەشانی ماڵان و بازرگانی لە ناو سنووری شارەوانییەکان .

١. پێشکەش کردنی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە:

أ- پێشکەشکردنی فۆرمی پێدانی وزەی کارەبا

ب- نووسراوی پشتگیری شارەوانی دیاریکراو یان مۆڵەتی درووستکردنی بینا وە پێشکەشکردنی نەخشەی بینا کە تیایدا شوێني پێوەرو گۆڕەر دیاری کرابێت.

ج- پسوولەی کارەبای پێکهاتەیەکی دراوسێی (ئەگەر هەبوو)

د- پێدانی پارەی کرێی نۆرین بەپێی بڕگەی(١)ی خشتەی ژمارە(١).

ه- نۆڕین لە لایەن فەرمانگە بۆ دیاریکردنی ژمارەی بلۆك و ژمارەی ئەژمار (رقم الحساب) وە پێویستییەکانی گەیاندنی ووزەی کارەبا دەکرێت.

و- دانی کرێی بەستن وپێداویستیەکانی جێبەجێکردنی گەیاندنی ووزەی کارەبا.

ز- تەواوکردنی گەیاندن و پێدانی وزەی کارەبا

**دووەم:** هاوبەشانی مالان و بازرگانی دەرەوەی سنووری شارەوانی (قەزاو ناحیەو کۆمەڵگاکان و گوندەکان) کەبە ڤۆڵتیەی (٠،٤ ، ١١ کەی ڤی) ووزەی کارەبایان پێدەدرێت:

١- پێشکەش کردنی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە:

أ-پێشکەشکردنی فۆرمی پێدانی وزەی کارەبا.

ب-نوسراوێکی پشتگیری لە سەرۆکی یەکەی کارگێڕی (الوحدة الادارية) ناوچەکە یان مۆلەتی بینا.

٢- جێبەجێکردنی بڕگەکانی (٣ ، ٤ ، ٥) لەخاڵی (یەکەم)ی پاشکۆی ژمارە (١).

**سێیەم:** پەمپی کشتوکاڵی:

١- پێشکەش کردنی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە:

أ- پێشکەشکردنی فۆرمی پێدانی ووزەی کارەبا.

ب- پێشکەشکردنی مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیدار (وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەگەڵ پێشکەش کردنی مۆڵەتی فەرمانگەی ئاوی ژێر زەوی) یان نووسراوی پشتگیری لە ب.گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

ج- بەڵێننامە بدات بە نەگۆڕینی پەمپی کشتوکاڵی بە دانەیەکی تری توانای گەورەتر تەنها دوای ئاگادارکردنەوەی فەرمانگەو وەرگرتنی ڕەزامەندی نووسراو لە لایەنە یەیوەندیدارەکان

٢- جێبەجێکردنی بڕگەکانی (٣، ٤، ٥) تایبەت بە پەمپی کشتوکاڵی لەخاڵی (١)ی پاشکۆی ژمارە (١).

٣-دانانی پێوەری پاڵەپەستۆ نزم و پێدانی کارەبا.

**چوارەم:** وەرشەکانی کار لەناوەوە یان لە دەرەوەی سنووری شارەوانی (قەزاو ناحیەو کۆمەڵگاکان وگوندەکان):

پێشکەش کردنی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە:

١- فۆڕمی پێدانی وزەی کارەبا.

٢- مۆڵەتی بینای کارپێکرا و یان نووسراوی پشتگیری لە فەرمانگە پەیوەندیدارەکان لە سنووری شارەوانییەکان یان نوسراوی ڕەزامەندی لایەنی یەکەی کارگێڕی بۆ دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان وە پێشکەشکردنی نەخشەی بینا کە تیایدا شوێنی پێوەرو گۆڕەر دیاری کرابێت.

٣- پسوولەی کارەبای پێکهاتەیەکی دراوسێی (ئەگەر هەبوو).

٤- ئەنجامدانی نۆڕینی لایەنی تەکنیکی بۆ دیاری کردنی پێویستییەکانی گەیاندنی کارەبا.

٥- دانی کرێی نۆڕرین بەپێی خشتەی ژمارە (١).

٦- خەملاندنی پێداویستیەکانی گەیاندنی وزەی کارەبا لەلایەن فەرمانگەوە.

٧- دانی کرێی بەستن و جێبەجێکردنی کارەکە.

٨- بەستنی پێوەرو گەیاندنی ووزەی کارەبا.

**پێنجەم:** پەمپی کشتوکاڵی ڤۆڵتییەی ناوەند و بەرز (الجهد المتوسط والعالي).

١- پێشکەش کردنی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە.

أ- فۆڕمی پێدانی ووزەی کارەبا.

ب- مۆڵەتی پەمپی کشتوکاڵی یان نووسراوی پشتگیری لە ب.گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
٢- دامەزراندنی وێستگەی دابەشکردن (محطة التوزیع).
٣- دانانی پێوەرو گەیاندنی تەزوی کارەبا.
٤- بڕگەکانی تر هەروەکو لە سێیەم سەرەوە کە تایبەتە بە پەمپی کشتوکاڵی.

**شەشەم:** مەرجە پۆلەکانی کشتوکاڵی کە لە خاڵەکانی (سێیەم و پێنجەم) ئاماژەیان پێ نەدراوە بەم شێوەیە دەبێت.
١- پێشکەش کردنی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە.
٢- پێشکەشکردنی مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیدار (یان نووسراوی پشتگیری لە ب.گشتی کشتوکاڵی پارێزگای پەیوەندیدار).

**حەوتەم:** کارگەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە لە سنووری شارەوانی (ڤۆڵتییەی بەرز و نزم):
١- پێشکەش کردنی ئەم بەڵگەنامەی خوارەوە:
أ-فۆڕمی پێدانی ووزەی کارەبا.
ب-مۆڵەتی بینای کارگە یان نووسراوی پشتگیری بەرێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی پیشەسازی یان دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ نەخشەی پەسەندکراو کەتیایدا شوێنی گۆڕەر و پێوەر دیاریکراو بێت لەگەڵ تۆری ناوخۆی پرۆژەکە.
٢- بڕگەکانی تر هەروەك لە پێنجەم سەرەوەدا هاتووە.

**پاشکۆی ژمارە (٢)**

بۆ خەمڵاندنی ووزەی کارەبای بەکارهاتووی هاوبەش لەکاتی هەبوونی سەرپێچی یان لەکاتی پێویستی فەرمانگە بەم خەملاندنە ئەوا خەملاندنەکە بەم رێکارانەی خوارەوە و بەپێی خالبەندی لەم رێگایانە دیاری دەکرێت:
١- تێکرایی خەرجی تۆمارکراوی پێشوی هاوبەشەکە لە سیستەمی فرۆشیاری ووزە.
٢- لەرێگای ئەو داتایانەی بەردەستن لەنێو پێوەری سەر گۆڕەر یان پێوەری سەر فیدەر.
٣- بەپێی ئامێرە کارەباییە بەکارهاتووەکانی هاوبەش ،بەمەرجێك لەگەڵ خەرجی وزەی کارەبای هەمان ماوەی ساڵێکی پێش سەرپێچی کردن بەراوردبکرێت و کەمتر نەبێت بەم شێوەیەی خورارەوە.

**یەکەم:** ئامێرەکانی بەکارهاتوو لەماڵان:
١- ڕووناکی: ژمارەی گڵۆپەکان × ٨ کاتژمێر × ١٠ وات بۆ رۆژێك (رۆژانە).
٢- ساردکەرەوە (سلاجە و هاوشێوەی): ٢٠٠ وات بەتێکڕای ٦ کاتژمێر رۆژانە.
٣- بەفرگر(مجمدة): ٣٥٠ وات بەتێکڕای ٥ کاتژمێر رۆژانە.
٤- تەلەفزیون: ١٠٠ وات بەتێکڕای ٨ کاتژمێر رۆژانە.
٥- کۆمپیوتەری دیسک تۆپ: ٧٥ وات بەتێکڕای ٣ کاتژمێر رۆژانە.
٦- جل شۆر کە گەرمکەری تێدا بێت: ٢٠٠٠ وات بەتێکڕای ١ کاتژمێر رۆژانە.
٧- جل شۆر بەبێ گەرمکەر: ٢٠٠ وات بەتێکڕای ١ کاتژمێر رۆژانە.

٨- ئوتو: ٢٠٠٠ وات بەتێکڕای ٦ کاتژمێر مانگانە.

٩- پانکە: ١٠٠ وات بەتێکڕای ٨ کاتژمێر و بۆ ماوەی ٥ مانگ لە ساڵەکەدا.

١٠- ١ فێنککەرەوە (مبردة ) بچووك: ٢٠٠ وات بەتێکڕای ٨ کاتژمێر و بۆ ماوەی ٥ مانگ.

١١- فێنککەرەوە (مبردة) گەورە: ٣٠٠ وات بەتێکڕای ٨ کاتژمێر و بۆ ماوەی ٥ مانگ.

١٢- سەتەلایت: ٣٠ وات بەتێکڕای ٨ کاتژمێر رۆژانە.

١٣- سپلیت بەپێی لۆدەکەی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت بۆ یەکەی بەکارهاتوو X٦ کاتژمیر *٦ مانگ.

١٤- بۆیلەری گەورەی ئاو: ٣٠٠٠ وات بەتێکڕای ٨ کاتژمێر رۆژانە و بۆ ماوەی ٦ مانگ.

١٥- بۆیلەری بچووکی ئاو: ٢٠٠٠ وات بەتێکڕای ٨ کاتژمێر و بۆ ماوەی ٦ مانگ.

١٦- گەرمکەرەوە (مدفاءة) گەورە: ٢٠٠٠ وات بەتێکڕای ٨ کاتژمێر و بۆ ماوەی ٤ مانگ.

١٧- گەرمکەرەوە (مدفاءة) بچووك: ١٠٠٠ وات بەتێکڕای ٨ کاتژمێر و بۆ ماوەی ٤مانگ.

١٨- ئەو ئامێرە کارەباییانەی ناویان نەهاتووە: ماوەی کارکردن و پارەکەی بەتێکڕای کاتژمێری کارکردنی دیاری دەکرێت و دەخەمڵێنرێت لەلایەن لێژنەی تایبەت.

**دووەم:** ئەو پێوەرانەی دانراون بۆ پۆلەکانی تر جگە لەماڵان بڕی ووزەی کارەبای بەکارهاتوو دیاری دەکرێت، لێژنەیەک لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندیدار لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی ووزەی کارەبا خەملاندنەکەی بەپێی توانای ئامێرەکان و بەگوێرەی ڕای لیژنەی هونەری دەبێت وە لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی کارەبای پەیوەندار پەسەند بکرێت.ئەگەر بە هیچ یەکێک لەم خالانەی سەرەوە نەتوانرا ببێتە هۆی ئەژمارکردنی وزەی کارەبای بەکارهاتوو، ئەوا لە رێگەی لیژنەیەکی تەکنیکی تایبەتمەند کاردەکرێت بۆ دۆزینەوەی رێگای گونجاو بۆ ئەژمارکردن.

**پاشکۆی ژمارە (٣)**

ڕێنمایی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی گەیاندنی ووزەی کارەبا لەلایەن وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم.

١- هەر پرۆژەیەك لەلایەن هەر وەزارەتێك یان لایەنێکی دیکە داوا بکرێت، دەبێت بودجەی گەیاندنی ووزەی کارەبای پرۆژەکە لەلایەن سوودمەند دابین بکرێت، ئەم بودجەیەش بەپێی دەرخستەیەك دەبێت کە لە لایەن فەرمانگەی ووزەی کارەبای پەیوەندیدارەوە ئامادە دەکرێت بەپێی دوانرخی هەموارکراوی وەزارەت.

٢- هەموو ئەو پرۆژانە لەلایەن وەزارەتەکانی دیکەو لایەنەکانی تری نەبەستراو بە وەزارەت ئەنجام دەدرێن وپێویستیان بە گەیاندنی ووزەی کارەبا یان خزمەتگوزارییەکی دیکەی کارەبا هەبێت وەك (هەڵگرتنەوەی ستوون، گۆڕینی رێرەوی هێڵ یان فیدەر، گۆڕانکاری بەمەبەستی نوێکردنەوە، رووناکی، ...هتد) سەرجەم بودجەی کارەکە لەگەڵ بودجەی گشتی پرۆژەکە لەئەستۆی سوودمەند دەبێت وەکەرەستە کۆنەکان دەبێتە موڵکی فەرمانگەی کارەبای پەیوەندیدار.

٣- نابێت هیچ لایەنێك بەبێ رەزامەندی وەزارەتی کارەبا هیچ پرۆژەیەکی کارەبایی لەسەر تۆڕی کارەبا جێبەجێ بکات بە پێچەوانەوە بە پێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

٤- کاری چاککردن و ئیشپێکردنی کارە کارەباییەکانی پرۆژەکانی ئەنجامدراو بەپێی ئەم خاڵانەی سەرەوە دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەت بەپێی جۆری گرێبەستەکە بەپێی هاتو لە ماددەی (٤٨خالی٤).

**پاشكۆی ژماره (٤)**

پێناسەی پۆلەكانی هاوبەشان بەپێی چالاكیەكانیان

**یەكەم:** پۆلی ماڵان. ئەو هاوبەشانە دەگرێتەوە كە وزەی كارەبا بەكاردەهێنن و نیشتەجێی ماڵانن لەم جۆرە پێكهاتانەدا:

١- خانوی نیشتەجێبون لەشار و شارۆچكە و گوندەكان.

٢- باڵەخانەكانی نیشتەجێبوون كە بەكاردێت بۆ نیشتەجێبوونی ماڵان بە بەردەوام.

٣- كابینەكان نیشتەجێبوونی ماڵان.

نرخی ووزەی كارەبا بۆ ئەو جۆرە پێكهاتانەی سەرەوە بەم جۆرە دەبێت:

١- ئەو پێكهاتانەی كەپێوەری (یەک فەیس) و (سێ فەیس) یان هەیە، ئەوە بەپێی ئاستەكانی بەكارهێنانی ووزەی كارەبا دەبێت كە بۆ هەر ئاستێك نرخ دیاریكراون.

٢- ئەو بینایانەی كە پێوەریان نیە، نۆرین ئەنجام دەدرێت بۆ شوێنەكە بەمەبەستی خەمڵاندنی بەكارهێنانی ووزە بەپێی ژمارەو جۆری ئامێرە كارەباییەكان كەبەكار دەهێنرێت لەو بینایەدا، تا ئەو كاتەی پێوەری بۆ دادەنرێت.

٣- ئەو كۆمەڵگا نیشتەجێبوونانەی كە یەك پێوەریان هەیە، ئەوە بڕی نرخی یەكەی ووزەی كارەبای تۆماركراو لەخاوەن پرۆژەكە وەردەگیرێت بەو سیستەمەی كە وەزارەت پەیڕەوی دەكات.

**دووەم:** پۆلی بازرگانی: ئەو هاوبەشانە دەگرێتەوە كەتایبەتن بەبەكارهێنانی وزەی كارەبا بۆ بواری بازرگانی كەرتی تایبەت و كەرتی گشتی بەپێی سروشتی چالاكییەكە، وەك لەخوارەوە هاتووە:

١- نوسینگەی بازرگانییەكانی تاك و كۆ.

٢- چێشتخانە و چایخانە و نانەواخانە وشوێنی فرۆشتنی ساردەمەنی و شیرینی و هاوشێوەكانیان لەشوێنە گشتییەكان.

٣- كۆمەڵە و سەندیكا ناپیشەییەكان.

٤- یاریگا و سینەما و بازاڕ و مۆڵ و نۆرینگە پزیشكیەكان و دەرمانخانەكان.

٥- سایلۆكان و كۆگای ساردكەرەوە (ثلاجات) جگە لەوانەی لە پۆلی كشتوكاڵی دا هاتوون و كۆگاكانی كەلوپەلە جۆراوجۆرەكانی كەرتی تایبەت.

٦- نوسینگەكانی خزمەتگوزاری پیشەیی، وەك (نوسینگەكانی خانوبەرە، پارێزەران, ژمێركاران ، خزمەتگوزاری ئەندازیاری ، پەڕاوگەكان) ، وە هەروەها نوسینگەی دەرهێنانی سینەمایی و دۆبلاج و هۆڵی شانۆگەری و شوێنی بلیارد و سەرتاشخانە و شوێنی جوانكاری و هاوشێوەكانیان.

٧- بەنزینخانە و گۆڕەپانی فرۆشتنی غاز.

٨- باخچەی ساوایان و قوتابخانە و كۆلێژ و زانكۆ تایبەتەكان و یانە وەرزشییەكان و یانەكانی رۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و نەخۆشخانە ئەهلییەكان و كەناڵەكانی رادیۆ و تەلەفزیۆنە ئەهلییەكان.

٩- وەرشەكانی پلاستیكی و ئاسنگەری و ئەلەمنیۆم.

١٠-كۆمپانیاكانی گەیاندن.
١١-سەرجەم هۆتێلەكان و مۆتێلەكان.
١٢- وەهەر بەكارهێنەرێكی تری كارەبا كە لە پۆلەكانی تر ئاماژەی بۆ نەكراوە.

**سێیەم:** پۆلی پیشەسازی: ئەو هاوبەشانە دەگرێتەوە كەتایبەتن بەبەكارهێنانی ووزەی كارەبا بۆ بواری پیشەسازی، كەسروشتی كاریان بریتیە لەگۆڕینی مادده لەدۆخێكەوە بۆ دۆخێكی تر بەمەرجێك مۆڵەتی لایەنە پەیوەندیدارەكانی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی یان دەستەی وەبەرهێنانی هەبێت، وەئەم بەكارهێنانە دەگرێتەوە:

١- پیشەسازی بچوك: كەبریتیە لە دروستكردنی شیرینی و بەرهەمە شیرییەكان و خواردنەوەكان و كارگەكانی ئارد و پیشەسازی خۆراك و چاپەمەنی و بڵاوكردنەوە و كارگەی ساردەمەنی و قوتوكردن (تعلیب) و هاوشێوەكانیان.

٢- پیشەسازی دەرهێنان و گۆڕین: وەك پیشەسازی نەوت و خەڵوز و خشت و چیمەنتۆ و ئاسن و فەرش و جل و بەرگ و پیستەسازی و كەلوپەلی ماڵ و هاوشێوەكانیان. نرخی ئەم جۆرە هاوبەشانە پەیوەستە بە ئاستی ڤۆلتیەی بەكارهاتوو (400KV , 132KV , 33KV , 11KV , 0.4KV).

**چوارەم:** پۆلی كشتوكاڵ:

١- ئەو هاوبەشانە دەگرێتەوە كەتایبەتن بەبەكارهێنانی ووزەی كارەبا بۆ بواری كشتوكاڵ و ڕاوكردن وەك (كێڵگەكان، بێستانەكان، ترومپای كشتوكاڵی، سەنتەرەكانی ڕاو، كێڵگەكانی بەخێوكردنی پەلەوەر و ئاژەڵە جیاوازەكان و حەوزی ماسی و شەتڵگە و كێلگەكانی بەخێوكردن و ڕاهێنانی ئەسپ سواری) و هاوشێوەی ئەم چالاكیانە بەمەرجێك مۆڵەتی لایەنە پەیوەندیدارەكانی وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو هەبێت.

٢- كۆگاكانی سارد كەرەوە ئەوانەی كە بۆ هەڵگرتنی بەرهەمی بەروبومی كشتوكاڵی ناوخۆی هەرێمی كوردستان بەكار دێت بەمەبەستی پاڵپشتی كردنی جوتیارانی كوردستان بەمەرجێک پاڵپشتی وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاویان هەبێت و چاودێری بكرێن.

٣- سەرجەم كارو چالاكیەكان و كارگەكان كە دەچێتە خزمەت كردنی كەرتی كشتوكاڵ و هاندانی بەرهەمی ناوخۆی هەرێمی كوردستان كە بریتین لە (سەربرین خانەكان بە هەموو جۆرەكانی، كارگەكانی بەرهەم هێنانی ئالیک بەهەموو جۆرەكانی، كارگەكانی لە قوتوكردنی بەرهەمە كشتوكاڵیەكانی ناوخۆی هەرێم) بەمەرجێک پاڵپشتی و پشتگیری وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوە كانی ئاو یان هەبێت.

**پێنجەم:** پۆلی میری: هاوبەشەكانی دام و دەزگا حكومیەكان دەگرێتەوە كە تایبەتن بەبەكارهێنانی ووزەی كارەبا بۆ فەرمانگە میریەكان و بینایەی وەزارەتەكان و فەرمانگە نەبەستراوەكان بە وەزارەتەكان و كونسوڵگەرییەكان و بەشە ناوخۆییە میریەكانی قوتابیان و نەخۆشخانە میرییەكان وشوێنەكانی پەرستن، قوتابخانەكان، وە هەروەها سەندیكا پیشەییەكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی، بارەگای حیزبەكان و دام و دەزگاكانیان كە مۆڵەتی فەرمیان هەیە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان.

## خشتەکان

### خشتەی ژمارە (١)

کرێی نۆڕین و بەستانی پێوەر و خزمەتگوزاری پێشکەشکراو بە هاوبەش:

١- نرخی کرێی نۆڕین

| کرێی نۆڕین | |
|---|---|
| چالاکی | کرێ (دینار) |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری لە سنووری شارەوانییەکان | ١٠،٠٠٠ |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری لە سنووری دەرەوەی شارەوانییەکان | ٢٠،٠٠٠ |
| پۆلی کشتوکاڵی پ.ن | ٣٠،٠٠٠ |
| پۆلی پیشەسازی پ.ن | ٥٠،٠٠٠ |
| بۆ هەموو پۆلێك كە پ.ب بێت | ٧٥،٠٠٠ |

٢- نرخی کرێی بەستن

| کرێی بەستن | |
|---|---|
| چالاکی | کرێ ( دینار ) |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سینگل فەیس | ١٠،٠٠٠ |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سێ فەیس. | ٣٠،٠٠٠ |
| پۆلی کشتوکاڵی و پیشەسازی ڤۆڵتیەی نزم. | ٣٠،٠٠٠ |
| بۆ هەر پۆلێك كە پ.ناوەند بێت | ٧٥،٠٠٠ |
| بۆ هەر پۆلێك كە پ.ب بێت | ٣٠٠،٠٠٠ |

٣- نرخی بڕین یان گەڕاندنەوەی ووزەی کارەبا

| کرێی بڕین یان گەڕاندنەوەی وزەی کارەبا | |
|---|---|
| چالاکی | کرێ ( دینار ) |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سینگل فەیس | ١٥،٠٠٠ |
| پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سێ فەیس. | ٣٠،٠٠٠ |
| پۆلی کشتوکاڵی و پیشەسازی ڤۆڵتیەی نزم. | ٣٠،٠٠٠ |
| بۆ سەرجەم جۆرەکانی ڤۆڵتیەی ناوەند. | ٥٠،٠٠٠ |
| بۆ سەرجەم جۆرەکانی ڤۆڵتیەی بەرز | ١٠٠،٠٠٠ |

تێبینی: ئەگەر هاووڵاتی ئامادە نەبوو پارەی ووزەی کارەبا بدات فەرمانگە لیستی بڕینی ووزەی کارەباکەی بۆ دەردەکات بەپێی بڕ و ماوەی نەدانی قەرزەکە. وە دوای دانی ئەم پارەیە لەلایەن هاوبەش ئەوە کرێی بڕین و گەڕاندنەوەی ووزەی کارەباکەی لێ وەردەگیرێت بەپێی خاڵی (٣) خشتەی ژمارە (١) ئینجا ووزەکەی بۆ دەگەڕێنرێتەوە.

٤- نرخی کرێی گۆڕینی پێوەر (نرخی پێوەر لەسەر هاوبەشە کاتێك فەرمانگە دابینی بکات)

| کرێی گۆڕینی پێوەر | |
|---|---|
| کرێ ( دینار ) | چالاکی |
| ١٥،٠٠٠ | پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سینگل فەیس |
| ٢٥،٠٠٠ | پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سێ فەیس. |
| ٣٠،٠٠٠ | پۆلی کشتوکاڵی و پیشەسازی ڤۆڵتیەی نزم. |
| ٥٠،٠٠٠ | بۆ سەرجەم جۆرەکانی ڤۆڵتیەی بەرز. |

٥- نرخی کرێی گۆڕینی شوێنی پێوەر

| کرێی گۆڕینی شوێنی پێوەر | |
|---|---|
| کرێ ( دینار ) | چالاکی |
| ١٥،٠٠٠ | پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سینگل فەیس |
| ٢٥،٠٠٠ | پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سێ فەیس. |
| ٣٠،٠٠٠ | پۆلی کشتوکاڵی و پیشەسازی ڤۆڵتیەی نزم. |
| ٥٠،٠٠٠ | بۆ سەرجەم جۆرەکانی ڤۆڵتیەی بەرز. |

٦- نرخی کرێی مۆرکردنەوەی پێوەر

| کرێی مۆرکردنەوەی پێوەر | |
|---|---|
| کرێ ( دینار ) | چالاکی |
| ٥،٠٠٠ | پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سینگل فەیس |
| ١٠،٠٠٠ | پۆلی ماڵ و بازرگانی و میری سێ فەیس. |
| ١٥،٠٠٠ | پۆلی کشتوکاڵی و پیشەسازی ڤۆڵتیەی نزم. |
| ٢٥،٠٠٠ | بۆ سەرجەم جۆرەکانی ڤۆڵتیەی بەرز. |

٧- نرخی کرێی گۆڕینی ناوی هاوبەش

| کرێی گۆڕینی ناوی هاوبەش | |
|---|---|
| کرێ ( دینار ) | چالاکی |
| ١٠،٠٠٠ | گۆڕینی ناوی هاوبەش |

٨- نرخی کرێی هێڵ گۆڕین

| کرێی هێڵ گۆڕین | |
|---|---|
| کرێ ( دینار ) | چالاکی |
| ٢٥،٠٠٠ | پێوەری سینگل فەیس |
| ٥٠،٠٠٠ | پێوەری سێ فەیس |
| بەپێ دوا نرخی هەموارکراوی وەزارەت | گۆڕینی ستوون و (Pole-H) ی گۆڕەر |
| ٢٥،٠٠٠ | لەبری کوژانەوەی هێڵی ڤۆڵتیەی نزمی گۆڕەر بۆ هەر کاتژمێرێك |
| ٥٠،٠٠٠ | لەبری کوژانەوەی هێڵی ڤۆڵتیەی بەرز لەسەر هەر گۆڕەرێك بۆ هەرکاتژمێرێك |

٩- نرخی کرێی (زیادە قوە)

| کرێی (زیادە قوە) | |
|---|---|
| کرێ ( دینار ) | چالاکی |
| ٢٥،٠٠٠ | هاوبەشی ماڵ |
| ٥٠،٠٠٠ | هاوبەشی بازرگانی و میری |

١٠-نرخی پێوەر: (نرخی پێوەر بەپێی لیستی هەموارکراوی وەزارەتی کارەبا دادەنرێت ئەگەر پێوەر لەلایەن فەرمانگەوە دابین کرا)

١١-لەکاتی ئەنجامدانی سەرپێچی، سەرپێچیکار بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت:

**یەکەم:** بۆ جاری یەکەم سەرەرای پاکتاوکردنی کارەبای خەرجکراوی بەپێی خاڵی (سێیەم) لە ماددەی (٢٠) بەم شێوەی خوارەوە پێبژاردنی (غرامة) لێوەر دەگیرێت:

| پێبژاردن | ماڵان | بازرگانی و پیشەسازیی و میری | کشتوکاڵی | |
|---|---|---|---|---|
| سینگڵ فەیس | ٢٤٠،٠٠٠ دینار | ٥٠٠،٠٠٠ دینار | ٣٧٥،٠٠٠ دینار | |
| سێ فەیس | ٤٨٠،٠٠٠ دینار | ١،٠٠٠،٠٠٠ دینار | ٧٥٠،٠٠٠ دینار | |
| گۆڕەر | ٥٠٠٠ x KVA دینار | ٥٠٠٠ x KVA دینار | ٥٠٠٠ x KVAدینار | |

**دووەم:** بۆ جاری دووەم سەرەرای پاکتاوکردنی کارەبای خەرجکراوی بەپێی خاڵی (سێیەم) لە ماددەی (٢٠) بەم شێوەی خوارەوە پێبژاردنی (غرامة) لێوەر دەگیرێت لەگەڵ وەرگرتنی بەڵێن نامە لە سەرپێچیکار بە دووبارەنەبونەوەی سەرپێچی :

| پێبژاردن | ماڵان | بازرگانی و پیشەسازیی و میری | کشتوکاڵی |
|---|---|---|---|
| سینگڵ فەیس | ٧٢٠،٠٠٠ دینار | ١،٥٠٠،٠٠٠ دینار | ١،١٢٥،٠٠٠ دینار |
| سێ فەیس | ١،٤٤،٠٠٠ دینار | ٣،٠٠٠،٠٠٠ دینار | ٢،٢٥٠،٠٠٠ دینار |
| گۆڕەر | ١٥،٠٠٠ x KVA دینار | ١٥،٠٠٠ x KVAدینار | ١٥،٠٠٠ x KVAدینار |

**سێیەم:** بۆ جاری سێیەم دەدرێتە دادگا و لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت و وەکو دزینی موڵکی گشتی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، دادگا بڕی پێبژاردن و بڕینی کارەبا لەسەر هاوبەشەکە یەکلایی دەکاتەوە.

١٢- بۆ ئامێرەکانی وەك گۆڕەر و ستوون و بۆردی دابەشکردن و بۆردی کۆنترۆڵی رووناکی و کێبڵ بە سەرجەم جۆرەکانیەوە یان هەر کەلوپەلێکی دیکە دەبێت زیانەکەی بخەملێنرێت بە پێی دواین نرخی هەموارکراوی وەزارەت.

١٣- کرێی خوێندنەوەی پێوەر (لەسەر داواکاری هاوبەش)

| شوێن | گشت پۆڵەکان بە (دینار) |
|---|---|
| سنووری شارەوانی | ٢٠،٠٠٠ |
| دەرەوەی سنووری شارەوانی | ٣٠،٠٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٢)**

نرخی بەکرێدانی ساڵانەی کەلوپەلی کارەبا بۆ ئەو کەلوپەلانەی پێش ئەم رێنمایيە بە کرێ دراون .

| ژ | گۆڕەری ٠،٤/١١ KV0.4/33KV, | نرخ(دینار ) |
|---|---|---|
| 1 | گۆڕەری 25 KVA | ٧٠،٠٠٠ |
| 2 | گۆڕەری 50 KVA | ١٤٠،٠٠٠ |
| 3 | گۆڕەری 63 KVA | ١٦٠،٠٠٠ |
| 4 | گۆڕەری 100 KVA | ٢٠٠،٠٠٠ |
| 5 | گۆڕەری 160 KVA | ٢٥٠،٠٠٠ |
| 6 | گۆڕەری 250 KVA | ٣٠٠،٠٠٠ |
| 7 | گۆڕەری 400 KVA | ٤٠٠،٠٠٠ |
| 8 | گۆڕەری 630 KVA | ٥٠٠،٠٠٠ |
| 9 | گۆڕەری 1000 KVA | ٧٠٠،٠٠٠ |
| 10 | گۆڕەری 1600 KVA | ٩٠٠،٠٠٠ |

تێبینی: ئەگەر گۆڕەرەکە جۆری (کیوسك) بوو ئەوە رێژەی (١٠%) نرخی کرێ کە زیاد دەبێت.

بۆردی سێرکت برێکەر بۆ وزەی نزم

| ژ | قەباری سێرکت (ئەمپێر ) | نرخ (دینار) |
|---|---|---|
| ١ | ١٠٠ | ٢٠،٠٠٠ |
| ٢ | ٢٥٠ | ٣٠،٠٠٠ |
| ٣ | ٤٠٠ | ٤٠،٠٠٠ |
| ٤ | ٦٣٠ | ٥٠،٠٠٠ |
| ٥ | ١٠٠٠ | ٧٠،٠٠٠ |

وێستگەی مۆبایل (متنقلە)

| نرخ (دینار) | وێستگەی مۆبایل (متنقلە) | ژ |
|---|---|---|
| ٦,٣٠٠,٠٠٠ | وێستگەی بەقەبارەی 10 MVA | 1 |
| ٩,٤٥٠,٠٠٠ | وێستگەی بەقەبارەی 15 MVA | 2 |
| ١٢,٦٠٠,٠٠٠ | وێستگەی بەقەبارەی 25 MVA | 3 |

تێبینی:

لە كاتی دانانی گۆڕەری جیاواز كە لە خشتەكەدا ئاماژەی پێنەدراوە وەك (ئەو گۆڕەرە كە بە هەوا سارد دەكرێتەوە و رۆنی تێدایە و گڕ ناگرێت)، نرخی كرێكەی بەپێی MVA بۆی ئەژمار دەكرێت.

پێدانی سێركت برێكەری وزەوی نزم لە رێگای فەرمانگەی پەیوەندیدار دەبێت و ئەگەر دەست نەكەوت بەپێی رێنماییەكانی فەرمانگە ومواسەفاتی تەكنیكی پەیڕەوكراو لە لایەن هاوبەشەكەوە دابین دەكرێت.

**خشتەی ژمارە (٣)**

كرێی پشكنینی(فحص) ئامێرەكانی كارەبا

| نرخ(دینار) | جۆری ئامێری كارەبای | ژ |
|---|---|---|
| ١٠٠,٠٠٠ | گۆڕەر (سەرجەم قەبارەكانی) لە فەرمانگەكانی تێست | ١ |
| ٢٠٠,٠٠٠ | گۆڕەر (سەرجەم قەبارەكانی) لە شوێنی كار | ٢ |
| ٢٠,٠٠٠ | سێركت برێكەر بۆ ووزەی نزم لە فەرمانگە | ٣ |
| ٤٠,٠٠٠ | سێركت برێكەر بۆ ووزەی نزم لە شوێنی كار | ٤ |
| ٢٠,٠٠٠ | سێركت برێكەر بۆ ووزەی بەرز لە فەرمانگە | ٥ |
| ٥٠,٠٠٠ | سێركت برێكەر بۆ ووزەی بەرز لە شوێنی كار | ٦ |
| ١٠,٠٠٠ | یەك نموونە رۆنی گۆڕەر لە فەرمانگە | ٧ |
| ٢٥,٠٠٠ | یەك نموونە رۆنی گۆڕەر لە شوێنی كار | ٨ |
| ١,٥٠٠ | پێوەری Ø١ لە فەرمانگە | ٩ |
| ٣,٠٠٠ | پێوەری Ø١ لە شوێنی كارە | ١٠ |
| ٥,٠٠٠ | پێوەری Ø٣ لە فەرمانگە | ١١ |
| ١٠,٠٠٠ | پێوەری Ø٣ لە شوێنی كار | ١٢ |
| ١٠,٠٠٠ | پێوەری Ø٣ لەگەڵ نیشاندەری هێزی بەرز لە فەرمانگە | ١٣ |
| ١٥,٠٠٠ | پێوەری Ø٣ لەگەڵ نیشاندەری هێزی بەرز لە شوێنی كار | ١٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | C.T لە فەرمانگە | ١٠،٠٠٠ |
| ١٦ | C.T لە شوێنی کار | ٢٥،٠٠٠ |
| ١٧ | V.T لە فەرمانگە | ١٠،٠٠٠ |
| ١٨ | V.Tی لە شوێنی کار | ٢٥،٠٠٠ |
| ١٩ | ستون (پ.ب)،(پ.ن) | ٦٠،٠٠٠ |
| ٢٠ | نەگەیەنەرەکان | ٥،٠٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٤)**

بڕی کەمترین ڕێپێدانی دووری لە چەقی هێڵی کارەباوە

| جۆری بەربەست | کەمترین ڕێپێدانی کارەبا بە ستوونی(مەتر) | | | | کەمترین ڕێپێدانی کارەبا بە ئاسۆیی(مەتر) | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١١ک.ڤ. ٠,٤ک.ڤ | ٣٣ ک.ڤ. | ١٣٢ ک.ڤ. | ٤٠٠ ک.ڤ. | ١١ ک.ڤ. ٠,٤ ک.ڤ | ٣٣ ک.ڤ. | ١٣٢ ک.ڤ | ٤٠٠ ک.ڤ |
| ١- زەویی سروشتی | | | | | | | | |
| أ - زەوی چۆڵ | ٦ | ٦ | ٦ | ٨,٢٥ | ١٠ | ١٠ | ١٥ | ٥٠ |
| ب - زەوی ئاوەدان | ٧ | ٧ | ٧ | | ١٠ | ١٠ | ١٥ | ٥٠ |
| ٢-ڕێگاو هێڵی شەمەندەفەر | | | | | | | | |
| أ- ڕێگای سەرەکی | ٨ | ٨ | ٨,٨ | ١٠ | - | ٦٠ | ٧٥ | ١٠٠ |
| ب- ڕێگای لاوەکی | ٧,٥ | ٨,٥ | ٩,٥ | ١٠ | - | ٥٠ | ٥٠ | ١٠٠ |
| ج - هێڵی شەمەندەفەر | ٨ | ١١,٥ | ١١,٥ | ١٥ | - | ٥٠ | ٥٠ | ٥٠ |
| ٣- هێلی کارەبا | | | | | | | | |
| أ- هێلی ٤٠٠ کەی ڤێ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | - | ٥٠ | ٥٠ | ٥٠ |
| ب- هێلی ١٣٢ کەی ڤێ | ٣ | ٣ | ٣ | ٥ | - | ٣٠ | ٣٠ | ٥٠ |
| ج- هێلی ٣٣ کەی ڤێ | ٢ | ٢,٥ | ٣ | ٥ | - | ٥٠ | ٣٠ | ٥٠ |
| د- هێلی ١١ کەی ڤێ | ١,٥ | ٢ | ٣ | ٥ | | - | - | - |
| ٤- هیلی تەلەفۆن | | | | | | | | |
| ٥- بۆڕی نەوت | ٧,٥ | ٨ | ٩ | ١٠ | - | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| ٦- ویستگەکانی بەرهەمە نەوتیەکان | ٧ | ٧ | ٧ | ١٠ | - | ١٥ | ٣٠ | ٧٥ |
| ٨- باڵەخانەکان | ٣,٥ | ٣,٥ | ٥ | ٦,٧٥ | ١ | ٣,٥ | - | - |
| ٩- دار و درەخت | ٢ | ٢,٥ | ٥ | ٦,٧ | - | - | - | - |

**خشتەی ژمارە (٥)**

نرخی ووزەی کارەبای بەکارهاتووی کارپێکراو بۆ هاوبەشانی دەرەوەی سنووری پرۆژەی رووناکی

١- پۆلی مالأن

| ژ | سەرف کردنی لە ماوەی مانگێك kwh | یەکەی سەرف کردن لە مانگێك بە kwh | نرخی کارەبا بە دینار |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ - ٤٥٠ | ٤٥٠ | ١٨ |
| ٢ | ٤٥١ - ٩٠٠ | ٤٥٠ | ٢٤ |
| ٣ | ٩٠١ - ١٥٠٠ | ٦٠٠ | ٤٢ |
| ٤ | ١٥٠١ - ٢١٠٠ | ٦٠٠ | ٧٢ |
| ٥ | ٢١٠١ - ٣٠٠٠ | ٩٠٠ | ٩٠ |
| ٦ | ٣٠٠١ - ٥٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ١٨٠ |
| ٧ | ٥٠٠١ – بەسەرەوە | ............. | ٢٤٠ |

٢- پۆلی بازرگانی (١٥٦) دینار بۆ هەر کیلۆ وات،کاتژمێرێک.

٣- پۆلی پیشەسازی

| ژ | جۆری سەرچاوەی کارەبای بەکار هاتوو | نرخی کارەبا بە دینار | تێبینی |
|---|---|---|---|
| 1 | 0.4 KV | ١٤٤ | |
| 2 | 11 KV | ١٢٠ | |
| 3 | 33 KV | ١٢٠ | |
| 4 | 132 KV | ١٢٠ | |

تێبینی: سەبارەت بە نرخی بەکار هێنانی کارەبا لە پۆلی پیشەسازی بەپێی بەکار هێنان ئەو نرخانەی سەرەوە پەیرەو دەکرێت نەوەك بەپێی پێدانی ڤۆلتیە ، واتە ئەگەر بەکار هێنانی پێکهاتە پیشەسازیەکە(٠,٤ کەی ڤی) ئەوا بە نرخی (١٢٠) دینار دەبێت بۆ هەر (KW.h)ێك بێ رەچاو کردنی جۆری ڤۆلتیەی پێدراو بە سەرچاوەی پێدانی کارەبا، بەلأم ئەگەر هاتوو پێکهاتەکە جۆری بەکار هێنانی ڤۆلتیەی سەروی (٠,٤ کەی ڤی) هەبوو ئەوا وەك نرخی (١١ کەی ڤی) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت واتە (١٠٠) دینار بۆ هەر (KW.h) ێك وەهەروەها ئەگەر جۆری بەکارهێنانی ڤۆلتیە لە پێکهاتە پیشەسازیەکە سەرووی (١١ کەی ڤی) ئەوا وەك نرخی (٣٣ کەی ڤی) کە لەخشتەی سەرەوەدا هاتووە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت وەهەروەها بە هەمان شێوە بۆ ڤۆلتیەی سەروتر.

٤- پۆلی کشتوکاڵی (٣٦) دینار بۆ هەر کیلۆوات. کاتژمێرێک (KW.h)

٥- پۆلی گشتی (میری) (٨٠) دینار بۆ هەر کیلۆ وات .کاتژمێرێک (KW.h)

٦-نرخی خەرجی کارەبای کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوون (high cost) (١٥٦) دینار بۆ هەرکیلۆ وات .کاتژمێر .

**خشتەی ژمارە (٦)**

نرخی ووزەی کارەبای بەکار هاتووی کار پێکراو لە پرۆژەی رۆناکی (خشتەی نرخی کارەبا)

١-پۆلی ماڵان

| ژ | سەرف کردن لە ماوەی مانگێکدا KW.h | yekey کردن لە ماوەی مانگێکدا KW.h | نرخی کارەبا بە دینار |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ - ٤٠٠ | ٤٠٠ | ٧٢ |
| ٢ | ٤٠١ - ٨٠٠ | ٤٠٠ | ١٠٨ |
| ٣ | ٨٠١ - ١٢٠٠ | ٤٠٠ | ١٧٥ |
| ٤ | ١٢٠١ - ١٦٠٠ | ٤٠٠ | ٢٦٥ |
| ٥ | ١٦٠١ بەسەرەوە | | ٣٥٠ |

٢-جۆری بازرگانی (١٨٥) دینار بۆ هەر یەك کیلۆوات. کاتژمیرێک (kwh)

٣ - پۆلی پیشەسازی:

| ژ | جۆری سەرچاوەی کارەبای بەکار هاتوو | نرخی کارەبا بە دینار بۆ هەرکیلۆوات.کاتژمێرێک | تێبینی |
|---|---|---|---|
| 1 | 0.4 KV | ١٦٥ | |
| 2 | 11 KV | ١٢٥ | |
| 3 | 33 KV | ١٢٥ | |
| 4 | 132 KV | ١٢٥ | |

-١

تێبینی: سەبارەت بە نرخی بەکار هێنانی کارەبا لە پۆلی پیشەسازی بەپێی بەکار هێنان ئەو نرخانەی سەرەوە پەیرەو دەکرێت نەوەك بەپێی پێدانی ڤۆلتیە ، واتە ئەگەر بەکار هێنانی پێکهاتە پیشەسازیەکە (٠,٤ کەی ڤی) ئەوا بە نرخی (١٦٥) دینار دەبێت بۆ هەر (KW.h)یێك بێ رەچاو کردنی جۆری ڤۆلتیەی پێدراو بە سەرچاوەی پێدانی کارەبا، بەڵام ئەگەر هاتوو پێکهاتەکە جۆری بەکار هێنانی ڤۆلتیەی سەرووی (٠,٤ کەی ڤی) هەبوو ئەوا وەك نرخی (١١ کەی ڤی) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت واتە (١٢٥) دینار بۆ هەر (KW.h) یێك وەهەروەها ئەگەر جۆری بەکارهێنانی ڤۆلتیە لە پێکهاتە پیشەسازیەکە سەرووی (١١ کەی ڤی) ئەوا وەك نرخی (٣٣ کەی ڤی) کە لە خشتەی سەرەوەدا هاتووە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت وەهەروەها بە هەمان شێوە بۆ ڤۆلتیەی سەروتر.

٢- جۆری کشتوکاڵی (٦٠) دینار بۆ هەر یەك (KW.h)

٣- جۆری میری (١٦٠) دینار بۆ هەر یەك (KW.h)

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٦٥٩٦ لە ٢٠٢٥/٥/٢٨**

دوا بە دوای ڕێنمایمان ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ تایبەت بە ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری ناوەندی پێگەیاندن و نووسینگەکانی فێرکردنی شوفێری و لەبەر بەرژەوەندی گشتی،بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری ناوەندی پێگەیاندن و نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ماددەی یەکەم:**

زیادکردنی بڕگەی چوارەم لە ماددەی (١٦) لە ڕێنمایی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**چوارەم:** وەرگرتنی بڕی پارەی دیاریکراو بەرامبەر پێدانی ئەم ڕێبەرانەی خوارەوە بە نووسینگەکانی فێرکردنی شوفێری و فێرخوازانی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری بەشێوەی (ئارەزوومەندانەیە) و لەلایەن ژمێریاری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند وەردەگیرێت بەپێی پسوولەی دارایی ژمارە (٦٨ أ) و دەخرێتە سەر داهاتی پەرەپێدانی هاتووچۆ:

| ز | جۆری ڕێبەر | نرخی یەک دانە |
|---|---|---|
| ١ | ڕێبەری هاتووچۆ A | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| ٢ | ڕێبەری هاتووچۆ B-BE | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| ٣ | ڕێبەری هاتووچۆ C١-C١E-C-CE | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| ٤ | ڕێبەری هاتووچۆ D١-D١E-D-DE | ٧٠٠٠ حەفت هەزار دینار |
| ٥ | ڕێبەری هاتووچۆی کشتوکاڵی T | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| ٦ | ڕێبەری هاتووچۆی بیناسازی T | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| ٧ | ڕێبەری ڕاهێنەر B-BE | ٧٠٠٠ حەفت هەزار دینار |
| ٨ | ڕێبەری ڕاهێنەر C-D | ١٠٠٠٠ دە هەزار دینار |
| ٩ | ڕێبەری ڕاهێنەر A | ١٠٠٠٠ دە هەزار دینار |

**ماددەی دووەم:**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیـری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٨١٠٧ لە ٢٠٢٥/٦/١٠**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بڕگەی (ت) لە بەشی (٣٦) لە یاسای هاتووچۆی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ هەمواركراو و بەرکارکراو لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ و ماددەی (١٥) لە ڕێنمایی دیاریکردنی شێواز و قەبارەو ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢،بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**ڕێنمایی دیاریکردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری**

**ماددەی یەکەم: پێناسەکان**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە ئەم مانایانەیە کە بەرامبەریان دیاریکراوە:

١- **تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری:** تابلۆیەکە لە کانزای ئەلەمنیۆم دروستکراوە بە ماددەیەکی پلاستیکی ڕەونەقدار ڕووپۆش کراوە بە قەبارەو شوێنی دیاریکراو لە پێشەوەو دواوەی ئۆتۆمبیل جێگیر دەکرێت.

٢- (IRQ): کورتکراوەی عێراقی فیدڕاڵ (Iraq)

٣-(KR): کورتکراوەی هەرێمی کوردستان (Kurdistan Region)

٤- (G): کورتکراوەی وشەی میری (Government)

٥- **کۆد:** کۆدێکی دوو پیتییە (پیتی لاتینی) تەرخان دەکرێت بۆ سەرۆکایەتییەکان و ئەنجومەنی دادوەری و هەر وەزارەتێک یان فەرمانگەیەکی نەبەستراو بەوەزارەت.

**ماددەی دووەم:**

مەبەست لە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنەوەی دابینکردنی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میرییە کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێمی کوردستان تەرخان دەکرێت و لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر بەپێی ستاندارد و پێوانەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە چاپ دەکرێت.

شێواز و پێوانە و نووسین و ڕەنگی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری.

**ماددەی سێیەم: جۆر و پێوانەی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری:**

١- تابلۆی (کورت) بە پێوانەی (٣٢٠ملیمەتر * ١٦٠ ملیمەتر) دەبێت کە لە پاشکۆی ژمارە (١)ی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

٢-تابلۆی (درێژ) بە پێوانەی (٥٢٠,٨ ملیمەتر * ١١٢,٦ ملیمەتر) دەبێت کە لە پاشکۆی ژمارە (٢)ی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

٣-ئەستووری هەردوو جۆری تابلۆی خاڵی (١ و ٢)ی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە (١ ملیمەتر) دەبێت.

**ماددەی چوارەم: ڕەنگ و پێکهاتەی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری:**

**یەکەم:** تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری لە شەش خانە پێک دێت (دوو پیت و چوار ژمارە) سەرەڕای چاپکردنی پیتی (G) و هێمای (-) داش.

**دووەم:** نووسینی سەر تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری (ژمارەو پیت و داش و هێڵەکان) بە ڕەنگی رەش چاپ دەکرێت

**سێیەم:** رەنگی باکگراوندی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری بە رەنگی سپی دەبێت و خانەی هێمای (IRQ) و (KR) بە رەنگی (شین) دەبێت کە لەلای چەپی تابلۆکە دەبێت.

**ماددەی پێنجەم: شێوازی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری بەم شێوازەی خوارەوە دەبێت:**

**یەکەم:** هێمای (IRQ) لە بەشی سەرەوەی لای چەپی تابلۆکە بە شێوەی ستوونی چاپدەکرێت بۆ هەردوو جۆری تابلۆی (کورت و درێژ).

**دووەم:** هێمای (KR) لە بەشی خوارەوەی لای چەپی تابلۆکە چاپ دەکرێت بەشێوەی ئاسۆیی و دەکەوێتە ژێر هێمای (IRQ) بۆ هەردوو جۆری تابلۆی (کورت و درێژ).

**سێیەم:** ژمارەی تابلۆکە لە لای راستی تەنیشتی هێمای (کۆد) و پیتی (G) چاپ دەکرێت لە تابلۆی جۆری درێژ.

**چوارەم:** ژمارەی تابلۆکە لە لەژێر هێمای (کۆد) و پیتی (G) چاپ دەکرێت لە تابلۆی جۆری کورت.

**پێنجەم:** هێمای (کۆد) لەگەڵ پیتی (G) جیا دەکرێتەوە بە هۆی دانانی هێمای (-) داش لە نێوانیان.

**شەشەم:** هێمای (کۆد) پێش و لای چەپی ژمارەی تابلۆ چاپ دەکرێت.

**حەفتەم:** هێلۆگرامێکی سکیوریتی لە نێوان هێمای (کۆد) و پیتی پیتی (G) لە دوای (-)ەکە.

**هەشتەم:** تابلۆی ئۆتۆمبێلەکە بەبێ هەبوونی هیچ هێلێکی جیاکەرەوە لە نێوان پیت و کۆد و ژمارە چاپ دەکرێت جگە لە هێلی ستوونی لەلای چەپی تابلۆ کە هێمای (کۆد) و پیتی (G) و هێمای (-) داش و ژمارەی تابلۆ لە هەردوو هێمای (IRQ) و (KR) جیادەکاتەوە.

**ماددەی حەفتەم: ئەحکامە کۆتاییەکان**

**یەکەم:** هەر یەک لە دامەزراوەکان زنجیرە ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری تایبەت بەخۆی دەبێت و لە ژمارە (١) دەستپێدەکات.

**دووەم:** لەکاتی بەستانی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری بەپێی ئەو رێنماییە، دەبێت پاکانەی سزاو پێبژاردنەکان بکات کەلەسەر ئۆتۆمبێلە میرییەکەیە لە ئەنجامی سەرپێچی هاتووچۆ.

**سێیەم:** وەزارەتی ناوخۆ هەڵدەستێت بە دیاریکردنی (کۆد)ی هاتوو لە خاڵی (٥)ی ماددەی یەکەمی ئەم رێنماییە و لەسەر تابلۆی ئۆتۆمبێل چاپدەکرێت.


**چوارەم:** کار بە هیچ ڕێنمایی و بەیان و نووسراوێکی دیکە ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە.

**پێنجەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.


**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیــری ناوخۆ**

(١)



(٢)



**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٥١٩٩ لـە ٢٠٢٥/٦/١٨**

پاڵپشت بە ماددەی (٤١) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەمواركراو و فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٢٤٩) لە ٢٠٢٥/٤/٢٩ و نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٧٠٢) لە ٢٠٢٥/٤/٢٩ و ژمارە (٧١٦٤) لە ٢٠٢٥/٦/٥ بڕیاردرا بە دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی هەمواركراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤.

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**ڕێنمایی تایبەت بە ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو**

**ماددەی (١): فەرمانبەری شارستانی:**

**یەکەم:** تەمەنی یاسایی خانەنشینی سەرجەم فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان تەواوکردنی تەمەنی (٦٠) ساڵ دەبێت، بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ هەر فەرمانبەرێک تەمەنی (٦٠) ساڵی تەواو بکات، بەبێ ڕەچاوکردنی ماوەی خزمەتی پێویستە دەستبەجێ هەواڵەی خانەنشینی بکرێت.

**دووەم:** ئەو فەرمانبەرانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە، لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە بەدەر دەکرێن، بەمەش تەمەنی یاسایی خانەنشینییان دەبێتە تەواوکردنی تەمەنی (٦٣) ساڵ.

أ- ئەو فەرمانبەرانەی ڕاژەی زانکۆیی دەیانگرێتەوە و هەڵگری ناونیشانی (پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر)ن.

ب- پزیشکانی (دادوەری، سڕکردن، دەروونی).

ج- ڕاوێژکاران و ڕاوێژکارانی یاریدەدەر لە ئەنجومەنی شورای هەرێم.

د- فڕۆکەوانانی مەدەنی ئەوانەی وەک کاپتنی فڕۆکە بەشێوەیەکی کردارەکی کاردەکەن و لە کاتی خۆیدا مۆڵەتی کارکردنی بەرکاریان هەیە.

**سێیەم:** ئەو فەرمانبەرانەی کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە لە بڕگەی (یەکەم) و (دووەم)ی سەرەوە بەدەردەکرێن، تەمەنی یاسایی خانەنشینییان دەبێتە تەواوکردنی تەمەنی (٦٥) ساڵی:

أ- ئەو فەرمانبەرانەی کەسوکاری (پلە یەک و پلە دوو)ی ئەو شەهیدانەن، کە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ هەمواركراو، دەیانگرێتەوە.

ب- ئەو فەرمانبەرانەی فەسڵکراوی سیاسیین بەپێی یاسای فەسڵکراوی سیاسی ئیتحادی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو گەڕێندراوەتەوە ڕاژە، لەسەر میلاکی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و دواتر گواستنەوەی ڕاژەیان بۆ سەر میلاکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کراوە.

ج- ئەو فەرمانبەرانەی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و ڕاگیراوی سیاسیی کوردستانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ی هەمواركراو دەیانگرێتەوە.

**ماددەی (٢): فەرمانبەرانی گرێبەست:**

بەپێی خاڵی (سێزدەیەم)ی ماددەی (٢١) لە یاسای ژمارە (٩) ساڵی (٢٠١٤)ی هەمواركراو، فەرمانبەری گرێبەست بە ڕێژەی (٧٥%) لە كەمترین ئاستی مووچەی خانەنشینی خانەنشین دەكرێن، بە مەرجێک خزمەتیان لە (١٥) ساڵ كەمتر نەبێت و تەمەنیان (٥٠) ساڵ بێت و لێبڕینی (١٥) ساڵ خانەنشینی بدات.

**ماددەی (٣): دادوەران و ئەندامانی داواكاری گشتی:**

أ- بەپێی بڕگەی(چوارەم)ی ماددەی (٣٥) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەمواركراو، دادوەران و ئەندامانی داواكاری گشتی یان میراتگرەكەی شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن بە بڕی (٨٠%) لە دوا مووچە و دەرماڵەی كە لە ڕاژەدا وەریگرتووە، كاتێک هەواڵەی خانەنشین دەكرێت، (بە مەرجێک دەرماڵەكانی لە ڕێژەی (١٥٠%) مووچەی وەزیفی تێپەڕ نەكات)، لە یەكێک لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١- ئەگەر بە هۆكاری تەواو كردنی تەمەنی یاسایی، هەواڵەی خانەنشینی كرا.

٢- ئەگەر بە هۆكاری تەندروستی هەواڵەی خانەنشینی كرا و بەپێی ڕاپۆرتی پزیشكی توانای بەجێهێنانی ئەركەكانی نەبێت.

٣- ئەگەر لە كاتی خزمەت كردندا كۆچی دوایی كرد، بەبێ ڕەچاوكردنی ڕاژە و تەمەن خانەنشین دەكرێت.

٤- ئەگەر لەسەر داواكاری خۆی هەواڵەی خانەنشینی بكرێت، دەبێ ڕاژەی دادوەری یان داواكاری گشتی لە (٣٠ ساڵ) كەمتر نەبێت.

ب- مەرجەكانی هاتوو لە بڕگەی (أ)ی سەرەوە (سەرۆک و ئەندامانی دادگای تێهەڵچوونەوە) دەگرێتەوە.

**ماددەی (٤): فەرمانبەری ڕاژەی زانكۆیی:**

بەپێی بڕگەی (پێنجەم)ی ماددەی (٣٥) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەمواركراو، فەرمانبەری ڕاژەی زانكۆیی یان میراتگرەكەی، بەڕێژەی (٨٠%) لەمووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەكانی، شایستەی مووچەی خانەنشین دەبێت، بەمەرجێک لەكاتی هەواڵەكردنی بۆ خانەنشینی، كۆی دەرماڵەكانی (٢٠٠%)ی مووچەی وەزیفی تێپەڕ نەكات بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- لەبەر تەواو كردنی تەمەنی یاسایی هەواڵەی خانەنشینی كرا، خزمەتی خانەنشینیەكەی لە (٢٥) ساڵ كەمتر نەبێت و لەو خزمەتەش (١٠) ساڵ خزمەتی زانكۆیی هەبێت.

٢- بە هۆكاری تەندروستی توانای بەجێهێنانی ئەركەكانی نەبوو، بەپێی بڕیاری لیژنەی پزیشكی تایبەتمەند هەواڵەی خانەنشینی كرا، بەبێ ڕەچاوكردنی (خزمەت یان تەمەن)ی بكرێت.

٣- لەسەر داوای خۆی ڕەوانەی خانەنشینی كرا خزمەتی زانكۆیی كردەیی(فعلی) لە (٢٠ساڵ) كەمتر نەبێت.

٤- لە كاتی خزمەت كردندا كۆچی دوایی كرد، بەبێ ڕەچاو كردنی ڕاژە و تەمەن خانەنشین دەكرێت.

٥- خزمەتی هەڵگرانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لەسەر میلاكی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دامەزراون، بۆ مەبەستەكانی خانەنشینی لە كاتی دامەزراندنیەوە بە (ڕاژەی زانكۆیی)

هەژمار دەکرێت، ئەمەش لە دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا، بە مەرجێک دواتر (١٠) ساڵ خزمەتی کردەیی (فعلی) بکات بەر لەوەی بگاتە تەمەنی یاسایی خانەنشینی کە لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

**ماددەی (٥):**

١- بەپێی بڕگەی (شەشەم)ی ماددەی (٢١) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەمواركراو، هەر فەرمانبەرێک گەیشتە تەمەنی یاسایی خانەنشین بوون، ئەگەر هاتوو ڕاژەکەی لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت و لە (١٥) ساڵ کەمتر بێت، مافی هەیە بۆ یەک جار پاداشت یان بڕی پارە بە شێوەی بڕاوە (مقطوع) مانگانە وەربگرێت، ئەم بڕەش بەپێی ساڵانی خزمەت بۆی دیاری دەکرێت:

أ. ئەگەر ڕاژەکەی (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت بڕی (١٥٠،٠٠٠) هەزاری پێ دەدرێت.

ب. ئەگەر ڕاژەکەی (١١) ساڵ کەمتر نەبێت بڕی (٢٠٠،٠٠٠) هەزاری پێ دەدرێت.

ج. ئەگەر ڕاژەکەی (١٢) ساڵ کەمتر نەبێت بڕی (٢٥٠،٠٠٠) هەزاری پێ دەدرێت.

د. ئەگەر ڕاژەکەی (١٣) ساڵ کەمتر نەبێت بڕی (٣٠٠،٠٠٠) هەزاری پێ دەدرێت.

ه. ئەگەر ڕاژەکەی (١٤) ساڵ کەمتر نەبێت بڕی (٣٥٠،٠٠٠) هەزاری پێ دەدرێت.

٢- بەپێی ماددەی (٢٢) بڕگەی (یەکەم) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٤)ی هەمواركراو، هەر فەرمانبەرێک ڕاژەکەی لە (١٥) ساڵ کەمتر بوو مافی وەرگرتنی پاداشتی خانەنشینی هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە: **(کۆتا مووچەی فەرمانبەر x ٢ x ساڵانی خزمەت).**

**ماددەی (٦):**

بەپێی یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠١٩، هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ ماددە (١٢) کارمەندانی تیشک (الاشعاع) لانیکەم (٥) ساڵ خزمەتی کردەیی (فعلی) هەبێت، (٣٠%) لە خزمەتی کردەیی (فعلی) بۆ زیاد دەکرێت بەمەرجێک لێبڕینی خانەنشینی بدات.

**ماددەی (٧):** بەپێی ماددەی (٢٦) لە یاسای ژمارە (٩) ساڵی٢٠١٤ی هەمواركراو، میراتگرانی فەرمانبەری کۆچکردوو شایستەی مووچەی خانەنشینییەکەی دەبن ئەمانەن:

**یەکەم:**

أ- هاوسەر یان هاوسەرانی.

ب- کوڕ.

ج-کچ.

د- دایك.

ه- باوك.

و- (برا یان خوشک) ئەگەر کۆچ کردوو سەڵت بێت و دایک و باوکی لە ژیاندا نەمابێت.

**دووەم:** بە مەرجێک ئەو میراتگرە هیچ مووچەیەکی تر، مووچەی خانەنشینی، داهاتی خۆی و پیشەیەکی تری نەبێت، هەروەها لە کەرتی تایبەت کار نەکات، بەم مەرجانەی لە خوارەوە هاتووە:

أ- (کوڕ یان برا) تەواوکردنی تەمەنی (١٨) ساڵی، یان تا تەمەنی (٢٢) ساڵی ئەگەر هاتوو خوێندکاری ئامادەیی بوو یان تا تەمەنی (٢٦) ساڵی ئەگەر هاتوو بەردەوام بوو لە خوێندنی زانکۆ یان خوێندنی باڵا.

ب- (کچ یان خوشک) ئەگەر هاتوو هاوسەر و بەخێوکەری یاسایی نەبێت.

ج- (ژن) ئەگەر هاوسەری نەبێت.

د- (مێرد یان باوک) ئەگەر هاتوو بە شێوەیەکی هەمیشەیی پەککەوتەبن و نەتوانن بژێوی ژیانیان پەیدا بکەن، هەر کەسێک تەمەنی (٦٣) ساڵی تەواو کردبێت بەپەککەوتە هەژمار دەکرێت.

**سێیەم:** بەشە مووچەی کوڕ بەردەوام دەبێت پاش تەواوکردنی ماوەی دیاریکراو کە لە خاڵی (أ)ی بڕگەی (٢)ی سەرەوە هاتووە، ئەگەر هاتوو بە شێوەیەکی هەمیشەیی پەککەوتە بێت و نەتوانێت بژێوی ژیانی پەیدا بکات، ئەمەش بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی دەبێت، بە مەرجێك هەر (٥) ساڵ جارێك پشکنینی بۆ بکرێتەوە، پشکی خانەنشینی دەبڕێت ئەگەر خاوەن دەرامەتێکی تایبەت بەخۆی هەبوو، بەپەککەوتە هەژمار ناکرێت دوای تەمەنی (٥٠) ساڵی.

**چوارەم:** ئەگەر هاتوو فەرمانبەری خانەنشینکراو کۆچی دوایی کرد و مووچەی خانەنشینی پێش کۆچکردنی وەرنەگرتبوو، هەروەها هیچ شایستەبووی نەبوو، ئەوا مووچە وەرنەگیراوەکانی بەپێی دابەشنامەی شەرعی بەسەر میراتگرانی دابەش دەکرێت.

**ماددەی (٨):**

سەبارەت بە فەرمانبەرانی (کارکەنارکراو (فصل)، لێخستن (عزل) بەجێهێشتنی ڕاژە، دەست لە کارکێشاوە (استقالة): بەپێی ماددە (١٣) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەمووارکراو پێویستە تەمەنیان لە (٤٥) ساڵ کەمتر نەبێت و خزمەتیان لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت، بەڕێژەی (٧٥%) لە کەمترین ئاستی مووچەی خانەنشینی بۆ دابین دەکرێت.

**ماددەی (٩):**

أ- بەپێی ماددەی (٢٠)ی بڕگەی (یەکەم) لە یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەمووارکراو، ئەو ماوانەی کە بە خزمەت هەژمار ناکرێت بۆ خانەنشینی:

١- هەر ماوەیەکی خزمەت کە ڕاگیراوەکانی خانەنشینی بۆ نەدرابێت بە پێی حوکمەکانی یاساکە.

٢- ماوەی ئامادەنەبوون (غیابات)، ئەو ماوانەی لە دوای وەرگرتنی پلەی کۆتایی حوکمە سزاییەکان دێن و ڕێگرن لەوەی فەرمانبەر لە ڕاژە بمێنێتەوە.

٣- مۆڵەتەکانی بێ مووچە، لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم ڕێنماییەوە هەر فەرمانبەرێک مۆڵەتی بێ مووچە بکات بە خزمەت بۆی هەژمار ناکرێت، سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە مۆڵەتی بێ مووچەیان وەرگرتووە بەپێی ڕێنماییمان ژمارە (٤) و (١٤)ی ساڵی ٢٠١٥ بە خزمەت بۆیان هەژمار دەکرێت بەمەرجێک لێبڕینی خانەنشینی بدەن.

٤- ماوەکانی ڕاگرتن کە دەچێتە نێو ماوەی بەندکردن یان زیندانیکردن.

٥- ماوەی ڕاژەی فەرمانبەر پێش تەواوکردنی تەمەنی (١٨) ساڵ ئەگەر دەقێکی یاسایی بە پێچەوانەی ئەمەوە نەهاتبێت.

٦- ماوەی ڕاژە لە دوای تەواوکردنی تەمەنی یاسایی و هەواڵەکردن بۆ خانەنشینی وەک ئەوەی لە دەقی ماددەی (١٠) بڕگەی (یەکەم) ئەم یاسایە هاتووە.

٧- هەر ڕاژەیەک بە بەڵگە یان بە بەڵگەی نووسراو نەسەلمێنرێت ئەوا ڕاژەکەی بۆ هەژمار ناکرێت.

ب- ماوەی مۆڵەت بە نیو مووچە و ماوەی دەستلەکارکێشانەوە (سحب الید) بە نیو ڕاژەی خانەنشینی هەژمار دەکریت.

**ماددەی (١٠):**

بەپێی بڕگەی (٩/أ) ماددەی (٢١) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو هەر فەرمانبەرێک کە هەواڵەی خانەنشینی دەکرێت ئەگەر خزمەتی لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبوو شایستەی خەرجکردنی پاداشتی کۆتایی ڕاژە دەبێت، لەسەر کۆی مووچە و دەرماڵە بۆ ماوەی یەک ساڵ واتا (١٢) مانگ، بە ڕێکاری پیادەکراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینەوە.

**ماددەی (١١): ڕەوانەکردنی فەرمانبەر بۆ خانەنشینی:** بەپێی ماددەی (١٠) و (١٥) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو فەرمانبەر لەم دوو حاڵەتەی خوارەوە هەواڵەی خانەنشینی دەکرێت:

١- لە کاتی تەواو کردنی تەمەنی (٦٠) ساڵی بەبێ ڕەچاوکردنی ڕاژەکەی.

٢- ئەگەر لەلایەن لیژنەی پزیشکی فەرمی بڕیار لەسەر پەککەوتە بوونی درا، کە ناتوانێ ئەرکەکانی جێبەجێ بکات.

**ماددەی (١٢): ڕەوانەکردنی فەرمانبەر بۆ خانەنشینی لەسەر داوای خۆی:** بەپێی ماددەی (١٢)ی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو، فەرمانبەر دەتوانێت داوای خانەنشینی بکات لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١- ئەگەر هاتوو فەرمانبەر تەمەنی (٥٠) ساڵی تەواو کردبێت یان ڕاژەکەی لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- ئافرەتی جیابووەوە (الحاضنة لأطفالها) یان بێوەژن یان شووی کرد بێت، دەتوانێت داوای خانەنشین بوون بکات بەم مەرجانەی خوارەوە:

أ-ڕاژەی لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

ب- ئەگەر لە (٣) منداڵ کەمتری نەبوو، تەمەنی منداڵەکان لە (١٥) ساڵ زیاتر نەبێت.

ج- خۆی بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی تەرخان بکات.

٣- ئەگەر فەرمانبەر لە کاتی خزمەتدا تووشی نەخۆشییەک بوو، پێویستی بە چارەسەری درێژخایەن بێت یان نەخۆشییەکەی چارەسەر نەکراو بوو، لیژنەی پزیشکی بڕیاریدا بۆ هەمیشە توانای کارکردنی نییە، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕاژەکەی هەواڵەی خانەنشین دەکرێت.

٤- ڕاژەی خانەنشینی ئەو فەرمانبەرانەی خاڵی (٣)ی سەرەوە دەیگرێتەوە بە (١٥) ساڵ دیاری دەکرێت، ئەگەر ڕاژەکەی کەمتر بوو، ئەو ماوەیەی بۆی زیاد دەکرێت و لە پێدانی لێبڕینی خانەنشینی دەبەخشرێت، و بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەنی مووچەی خانەنشینییەکەی بۆ خەرج دەکرێت.

٥- فەرمانبەر یان فەرمانگەکەی دەتوانێت لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە دەرچوونی بڕیاری لیژنەی پزیشکی و ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەی، لە لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوە(استئنافیة) تانە (طعن)ی لێ بدات.

**ماددەی (١٣): چەسپاندنی تەمەن:** بەپێی ماددە (٣٤) بڕگەی (یەکەم) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو، چەسپاندنی تەمەنی ڕاستی فەرمانبەر یان خانەنشینکراو لەسەر ئەو بەڵگەیە دەبێت، کە پێی دادەمەزرێت یان تەمەنی دەچەسپێت، کارناکرێت بە هیچ ڕاستکردنەوەیەکی دادگایی یان کارگێڕی کە دواتر دەردەچێت.

**ماددەی (١٤): هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:**

**یەکەم:** بەپێی خاڵی (ب) بڕگەی (سێیەم)ی ماددەی (٣٥) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٤)ی هەموارکراو، خانەنشینانی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ مووچەی خانەنشینییان بۆ هەژمار دەکرێت لەسەر بنەمای مووچەی پلەی دیاریکراو بەپێی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی/ ٢٠١١ (یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) دوا مووچەی فەرمانبەری لە ڕێکەوتی هەواڵەکردنی بۆ خانەنشینی پەسەند دەکرێت. بۆ دووبارە هەژمارکردنەوەی ئەگەر لە پلەکەی زیاتر بێت، بۆ دابینکردن و دیاریکردنی مووچەیان کار بە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٤)ی هەموارکراو دەکرێت.

**دووەم:** ماوەی خزمەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ تەنها لە چوارچێوەی حوکمەکانی ماددەی(٤٢/دووەم) لە یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١به (دوو هێندە) هەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی خانەنشینی واتا ماوەی خزمەت لەکاتی جەنگ یان جموجوڵ بە فەرمانی لایەنی پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە خزمەتیان بە (دوو هێندە) هەژمار ناکرێن.

**ماددەی (١٥): هێزی پێشمەرگەی کوردستان:**

بەپێی خاڵی(ب) بڕگەی (سێیەم)ی ماددەی (٣٥) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو، وەزارەتی پێشمەرگە بەپێی مەرجەکانی یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە (زێڕەڤانی هەرێمی کوردستان - عێراق)، و یاسای ژمارە(٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە (زێڕەڤانی هەرێمی کوردستان - عێراق)، و یاسای ژمارە(٣٨)ی ساڵی٢٠٠٧ یاسای ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە (زێڕەڤانی هەرێمی کوردستان) هەواڵەی خانەنشینی دەکرێن دوا مووچەی فەرمانبەری لە ڕێکەوتی هەواڵەکردنی بۆ خانەنشینی پەسەند دەکرێت، بۆ دووبارە هەژمارکردنەوەی ئەگەر لە پلەکەی زیاتر بێت، بۆ دابین کردن و دیاریکردنی مووچەکانیان، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١/١ کار بە یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠١٤ دەکرێت، و لەڕێکەوتی ٢٠٢٥/١/١ بەدواوە ماوەی خزمەتیان بە (دوو هێندە) هەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی خانەنشینی.

**ماددەی (١٦):**

بەپێی ماددەی (٣٤) بڕگەی (دووەم)ی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو، وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت یان پارێزگار بۆیان هەیە کۆتایی ساڵی ڕۆژمێری بە ڕێکەوتی لەدایک بوون هەژمار بکات لە بری (٧/١) لەو ساڵەدا، بۆ لە دایکبووانی ساڵی (١٩٦٥) بەسەرەوە.

**ماددەی (١٧):** سەرجەم حوکمەکانی تری یاساکە وەکو خۆی جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی (١٨):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١/١) جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٥١٩٨ لە ٢٠٢٥/٦/١٨**

پاڵپشت بە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (سێیەم)ی یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠)ی هەمووارکراو، و نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٦٠١٩) لە ٢٠٢٥/٥/١٥ و نووسراوی ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (٢٠٢٥/٢ لە ٢٠٢٥/٤/١٥) تایبەت بە دەرکردنی ڕێنمایی بۆ (ماددەکانی لە پاکەتنان و پێچانەوەی کاڵای هاوردە لە هەرێمی کوردستان).

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**ڕێنمایی ماددەکانی لە پاکەتنان و پێچانەوەی کاڵای هاوردە لە هەرێمی کوردستان**

**ماددە (١):**

مەبەست لە وشە و گوزارشتەکان - بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە - ئەو مانایانە دەگەیەنن کە لە بەرامبەریان دانراون:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان – عێراق

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێم.

**سێیەم: وەزیر:** وەزیری دارایی و ئابووری لە هەرێم.

**چوارەم: هاوردەکار:** هەر کەسێک کاڵا لە دەرەوەی هەرێم دەهێنێتە ناو هەرێم.

**پێنجەم: بەرهەمهێنەر:** هەر کەسێک کە هەر کاڵایەک بەرهەمدەهێنت لە ناو هەرێم.

**شەشەم: فرۆشیار:** هەر کەسێک کە کاڵای هاوردەکراو یان دروستکراوی خۆماڵی دەفرۆشێت بە تاک یان بە کۆ.

**حەوتەم: بەکاربەر:** دواهەمین بەکارهێنەری کاڵا.

**هەشتەم: ماددەکانی پاکەتنان و پێچانەوە:** ئەو ماددانەی کە بەرهەمەکانی تێدەکرێ یان دەپێچرێتەوە کە بریتین لە کاغەز، پلاستیک، شوشە و کانزاکان.

**نۆیەم: کاڵا:** سەرجەمی بەرهەمەکان و کاڵاکانی هاوردەکراو و بەرهەمهێنراو لە ناوخۆدا.

**ماددە (٢):ئامانجەکانی ئەم ڕینماییە بۆ بەدەستهێنانی ئەمانەی خوارەوەن:**

**یەکەم:** دابینکردنی داتای دروست لەسەر بڕی کاڵای هاوردەکراو و بەرهەمی خۆماڵی، ڕۆژانە و ساڵانە.

**دووەم:** پاراستنی ژینگە لە پیسبوون، دەرەنجامی چارەسەرنەکردنی ماددەکانی پاکەتنان وپێچانەوە.

**سێیەم:** چارەسەرکردنی ماددەکانی پاکەتنان وپێچانەوە بە گرتنەبەری ئامرازی زانستی و سەلامەت.

**چوارەم:** ڕەخساندنی هەلی کار لە بوارەکانی کۆکردنەوە و گواستنەوە و ریسایکلکردنەوەی ماددەکاندا.

**پێنجەم:** پشتیوانیکردنی پیشەسازیە ناوخۆییەکان لەڕێی کردنەوەی کارگەکانی ریسایکلینەوە.

**شەشەم:** پشتگیری بەرهەمهێنانی ناوخۆیی لەڕێی دابینکردنی ماددەکانی پاکەتنانی ڕیسایکلکراو.

**حەوتەم:** گۆڕینی ڕووی شارستانی هەرێم لەڕێی تەرخانکردنی کۆنتێنەری (حاویە) ڕەنگ جیاواز بۆ جیاکردنەوەی پاشماوەکان.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە جێبەجێدەکرێت بەسەر هاوردەکاران و بەرهەمهێنەران و فرۆشیارانی کاڵاکانەوە.

**دووەم:** حوکمەکانی ئەم ڕینماییە بەکاربەران ناگرێتەوە.

**ماددەی (٤):**

چارەسەرکردنی ماددەکانی پاکەتنان وپێچانەوە، بەپێی سروشتی ماددەکان، بەم ڕێگایانەی خوارەوە ئەنجامدەدرێت:

**یەکەم:** بچوک کردنەوە: بە کەمکردنەوەی قەبارە لە ڕێی سوتاندن، وردکردن یان شکاندن یان بەهەر شێوازێکی تری گونجاو.

**دووەم:** دووبارە بەکارهێنانەوە: بەکارهێنانەوەی ماددەکانی پاکەتنان وپێچانەوە دوای شیاندنەوەو ئامادەکردنیان بە شێوەیەکی نوێ بۆ پاکەتنان و پێچانەوە.

**سێیەم:** دوبارەبونەوە - ڕیسایکلین: گۆڕینی ماددەکان بۆ کەرەستەی سەرەتایی بەهەر ڕێگەیەکی گونجاو، دوبارە ئامادەکردنەوەیان بۆ مەبەستی لەپاکەتنان وپێچانەوە.

**ماددە (٥):**

**یەکەم:** پێویستە لەسەر هاوردەکارەکان، بەرهەمهێنەرەکان و فرۆشیاران، بەپێی ڕێژەی چالاکیەکانیان بەشداربن لە پرۆسەی چارەسەرکردنی ماددەکانی پاکەتنان و پێچانەوە، کە لە ئەنجامی چالاکیەکانی ئەوانەوە دروست بوون.

**دووەم:** هاوردەکارەکان، بەرهەمهێنەرەکان و فرۆشیارەکان پابەند دەکرێن بەوەی بەشێک لە کرێی چارەسەری ئەم مادانە لە ئەستۆ بگرن.

**سێیەم:** نابێت ئەم کرێیە بخرێتە سەر بەکاربەران.

**ماددە (٦): ڕێکاری دیاریکردن و وەرگرتنی کرێ:**

**یەکەم:** کرێ لەسەر هەر بارهەڵگرێک بەپێی سروشتی ئەو کاڵایەی هەڵیگرتوە دیاریدەکرێت.

**دووەم:** کرێی یەک تەن لە کاڵا، بەپێی نرخی ماددەکانی لەپاکەتنان وپێچانەوە کە تیا بەکارهێنراوە، دیاریدەکرێت.

**سێیەم:** لیستەکانی کاڵای هاوردەکراو بۆ هەموو فەرمانگەیەکی گومرگی ئامادەکراون.

**چوارەم:** ئەگەر کاڵایەک هاوردەکرابێت و ناوی لە لیستەکانی فەرمانگە گومرگیەکەدا نەبێت، ئەوا کرێی ماددەکانی پاکەتنان و پێچانەوە، بە کاڵای هاوشێوەی لە لیستەکان بۆ ئەژمار ئەکرێت.

**پێنجەم:** ئەگەر کاڵایەک تەنها یەک جۆر لە ماددەکانی پاکەتنان و پێچانەوەی بۆ بەکارهێنرابو، ئەوا ئەژماری کرێی ماددەکان بەپێی جیاوازی کێش لە نێوان کێشی گشتی بارەکە و کێشی سافی (پاڵێوراو) کاڵاکە بۆ ئەنجام ئەدرێت، دوای لێکردنەوەی ماددەکانی پاکەتنان و پێچانەوە لەکاڵاکە.

**شەشەم:** ئەگەر کاڵایەک لە پاکەتنان یان پێچانەوەیدا ماددەی جیاوازی تیا بەکارهێنرا بێت، ئەو کرێی هەر ماددەیەک بە جیاواز ئەژمار دەکرێت.

**حەوتەم:** وەزیر لیژنەیەکی هاوبەش دروست دەکات لە وەزارەت و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم و لایەنی تری پەیوەندیدار بۆ دیاریکردنی کرێ لەسەر چارەسەری ماددەکانی لە پاکەتنان و پێچانەوە بۆ کالای بەرهەمهێنراوی خۆماڵی و هەر کاڵایەکی تر کە فرۆشیاران دەیفرۆشن.

**هەشتەم:** وەزارەت هەژمارێکی بانکی دەکاتەوە کە تیایدا کرێی وەرگیراوی ماددەکان و داهاتی بەدەست هاتوو لەڕیسایکلکردنی مادەکاندا تێدا ئەسپاردە بکرێت،بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنمایە

**نۆیەم:** بەبێ ڕەزامەندی وەزیر، نابێت دەستکاری ئەم هەژمارە بکرێت.

**دەیەم:** وەزیر دەتوانێت پێداچونەوە بۆ کرێکان بکات کە بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە چەسپێنراون، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بڕگەی حەوتی ئەم ماددەیە.

**مادده (٧):** کرێ و داهاتی بەدەست هاتوو بەپێی حوکمەکانی ئەم رێنماییە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە تەرخان دەکرێن:

**یەکەم:** دامەزراندنی سیستەمێکی تەواو بۆ کۆکردنەوەو بەڕێوەبردنی پاشماوەکانی پاکەتنان و پێچانەوە بەرێگەی زانستی و سەلامەت، لەگەڵ گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ ئەو مەبەستە.

**دووەم:** وەبەرهێنان لە بواری دروست کردن و گەشەپێدانی کارگەکانی ڕیسایکلینی ماددەکانی پاکەتنان و پێچانەوە.

**سێیەم:** پارەدارکردنی بانگەشەی هۆشیارکردنەوە بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لەسەر ڕیسایکلین و ڕێگەی دروست بۆ چارەسەرکردنی پاشماوەکانی لەپاکەتنان و پێچانەوە.

**مادده (٨):**

**یەکەم:** وەزیر دەتوانێت سزا و ڕێکاری شیاو بسەپێنێت بەسەر ئەو هاوردەکارانەی پابەند نابن بە حوکمەکانی ئەم رێنماییەوە.

**دووەم:** وەزیر دەتوانێت هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات بۆ سەپاندنی سزاو ڕێکارە کارگێڕیەکان بەرامبەر بەو هاوردەکار و بەرهەمهێنەرانەی سەرپێچیکارن بە حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**مادده (٩):**

**یەکەم:** وەزیر ئەو لایەنانە دیاری دەکات لە ناو وەزارەتدا بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**دووەم:** وەزیر لەگەڵ وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان هەماهەنگی دەکات بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم رێنماییە.

**مادده (١٠):** وەزیر بڕیاری کارگێڕی پێویست دەردەکات بۆ ئاسانکاری لە جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم رێنماییەدا.

**مادده (١١):** ئەم ڕێنماییە بڵاو دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) و دوای (٦٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە: ١٨٨١ لە ٢٠٢٥/٦/١٥**

**بەیانی ساڵی ٢٠٢٥**

پشت بە حوکمی مادده (٨) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بریارماندا بە :

**یەکەم:** دەست پێکردنی پشووی دادگاکانی هە رێمی کوردستان - عێراق بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ لە بەرواری ٢٠٢٥/٧/١.

**دووەم:** ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە (کاروباری شارستانی و بازرگانی و باری کەسینەوە) هەیە کە لەخوارەوە هاتووە بە کێشە و داوای بە پەلە دادەنرێن .

١- وەرگرتنی داوانامە (عريضة الدعوى) و گڵدانەوەی یەدەگ (الحجز الاحتياطي) و پێراگەیاندنی یاسایی.

٢- ئەوکێشەو پرسە بە پەلانەی دەروازەی دەیەم لە کتێبی یەکەمی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە (٨٣)ی ساڵی ١٩٦٩ دیاری کردوون .

٣- ئەو داوایانەی گڵدانەوەی سەرەتایی تێدایە یا داوای دواخستنی جێبەجێکردنی بریارێک یامامەڵەیەکی تێدادەکات .

٤- داوای میری بۆ موڵک سەندنەوە (استملاک) .

٥- ئەو داوایانەی داوالێکراو قەدەغە دەکرێت لە چوونە دەرەوەی هەرێم.

٦- داوای مایە پوچ بوون (افلاس) و هە ر داوایەکی تر لێی بکەوێتەوە .

٧- داوای هەڵگرتنەوەی و لێک کرینەوە (شفعە) و پاکتاوکردنی وەقف و چۆڵکردنی بە کرێدراو.

٨- داواکانی تایبەت بە مافەکانی ئاودان و رێگەی جۆگەلە و سوولاوکە و هاتووچون (حقوق السقی والمجری والمسيل والمرور ) مافەکانی (ارتفاق) .

٩- داوای پاکتاوکردنی کۆمپانیاو ئەو داوایانەی لێی دەبنەوە .

١٠-داواکانی راست کردنەوەی (تەمەن ، ناو ، نازناو).

١١- ئەو داوایانەی فەرمانگەی رسمی یان نیمچە رسمی دەزگا گشتیەکان تیادا لایەنە.

١٢- داواکردنی خەرجی بژێوی (نفقە) و دایەنی (حضانە) و دیتنی منداڵ و رەچەلەک (مشاهدة طفل ونسب).

١٣- داواکانی سەلماندنی پیگەیشتووی لێهاتووی (اثبات الرشد) .

١٤- داواکانی لادانی سەر کار (قیم) و پێ سپێرداو (وصی).

١٥-داواکانی دابەشکردنی میرات و ئەو مامەڵانەی لێیان دەکەونەوە .

١٦- ئەو داوایانەی یاسایەک بە پەلەی دانابێت .

**سێیەم:** جگە لەو داوا وکێشانەی لە برگەی دووەمی ئەو (بەیان)ە دا هاتووە ، دادگا بۆی هەیە داوا لە ماوەی پشووی دادگاکان ببینێت ئەگەر :-

أ- بۆ دادگا دەرکەوت لە دواخستنی داواکە زیان دەکەوێتەوە.

ب- هەر دوو لایەنی داواکە داوای دادبینی لە کاتی پشووی دادگاکان بکەن .

ج-داواکە گەیشتبوو قۆناغی کۆتایی .

**چوارەم:** گشت مامەڵەکانی دادگا لە کاروباری ئاسایی خۆیان لە کاتی پشووی دادگاکان بەردەوام دەبن .

**دادوەر**
**عبدالجبار عزیز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٨٤٩٥ لە ٢٠٢٥/٦/١٢**

**بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**فراوانکردنی گوندی (بازێرە ژێری)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو، تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان، و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٢٦٦٠ لە ٢٠٢٥/٥/٦)، و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

**یەکەم:** فراوانکردنی گوندی (**بازێرە ژێری**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم/٤ لە ڕێنمایی سەرەوە لە قائیمقامیەتی قەزای ئاکرێ/لەسنووری پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (٥٠،٢٤،٣١ دۆنم) لەسەر هەردوو پارچە زەوی ژمارە (٢و٦) لە کەرتی (٩٠/ بازێرە ژێری) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە و بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیـری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٢٧٨٢/٢٠ لە ٢٠٢٥/٦/٢٩**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩/دووەم) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:-

١- کردنەوەی (جێگرایەتی داواکاری گشتی ماوەت) لە قەزای ماوەت لە پارێزگای سلێمانی .
٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٤٦٨٤ لە ٢٠٢٥/٦/١**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٢٩) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ بڕیارماندا بە:

١- پێکهێنانی ئەنجومەنی ووردبینیکردنی کاروباری خانەنشینان بە سەرۆکایەتی دادوەرێک بە پلەی (٢) وە بە ئەندامیەتی (٣) فەرمانبەری یاسایی کە ناونیشانی لە (بەڕێوەبەر) کەمتر نەبێ لە وەزارەتەکانی (پێشمەرگە، ناوخۆ، دارایی) بە مەبەستی چاوپێداخشانەوە بەو پەڵپانەی (أعتراضات) کە لەلایەن خانەنشینانەوە پێشکەش دەکرێت.

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**
**ژمارە: ٢٠١٩ لە ٢٠٢٥/٥/٢٦**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پاڵپشت بە ماددەی (شەشەم) بڕگە (دووەم) لە یاسایی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (١١) ساڵی ٢٠٠٧ وە ئاماژە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان بە نووسراوی ژمارە (١٠٨٣٥) لە ٢٠٢٤/١/١٨ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

- کردنەوەی تێبینەرایەتی کاروباری ئێزیدییەکان لە قەزای شێخان پارێزگای دهۆک.
- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**د. پشتیوان صادق عبدالله**
**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**